سایتی فەرموودە
هەمیشە ڕاستگۆیی
www.fermude.com

غەیبەت

و

شوێنەوارە خراپەکانی لەسەر تاك و کۆمەڵ

بەپێنوسی:

حسين بن عودة العوايشة

وەرگێڕانی بەدەستکاریەوە:

م. شاخەوان جەواد ئەحمەد

پێش نوێژو وتار بێژی مزگەوتی (سەید ئەحمەدی فەیلەسوف)

لە
چەمچەماڵ-
پیریادی

چاپی پێنجەم ١٤٣٢ کۆچی - ٢٠١١ زاینی

پێناسەی پەرتووك

ناوی پەرتووك: غەیبەت و شوێنەوارە خراپەکانی لەسەر تاك و کۆمەڵ
نوسینی: حسين بن عودة العوايشة
وەرگێرانی بەدەستکاریەوە: م. شاخەوان جەواد ئەحمەد
ساڵی چاپ: ١٤٣٢ کۆچی – ٢٠١١ زاینی
شوێنی چاپ: چاپخانەی سیڤا
نۆبەتی چاپ: چاپی پێنجەم
تیراژ: (١٠٠٠)
ژمارەی سپاردن: (٣٤٦) ی وەزارەتی رۆشنبیری پێ دراوە.
بنکەی بلاوکردنەوە: کتێبخانەی سیـــما لە چەمچەماڵ (٠٧٧٠١٢٣٦٠٨٩) .
کتێبخانەی سوننە لە سلێمانی.

کتێبخانەی زانست لە کەلار.

✍مافی چاپکردن و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إن الحمد لله نحمده ونستعينه، ونستغفره، ونعوذبالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له وأشهد أن محمداً عبده ورسولُهُ.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾(آل عمران: ١٠٢)

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾(النساء: ١)

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾(الأحزاب: ٧٠-٧١)

أما بعد :

فإنَّ خَيرَ الحَديثِ كِتابُ اللهِ، وَخَيرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ ﷺ، وَشرَّ الأمورِ مُحْدَثاتُها، وكلَّ مُحدَثَةٍ بِدْعَة، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَة، وَكُلَّ ضَلالَةٍ في النّار.

پێشەکی:

برایان و خوشکانی زۆر بەڕێز ...... لەڕاستیدا بەپێویستم زانی لە خزمەتی بەڕێزتاندا بابەتێکی وا پێشکەش بکەم کە گومانی تێدانییە بەشێکی زۆرو بەربلاوی کۆمەڵگەی داگیرکردووەو هۆکارێکی گرنگیشە بۆ لەناوبردنی چاکەکان، بۆیە ئەو تاوانەش (غەیبەتە) بەڕاستی پەرەی ناسکی دڵ دەژاکێنێ و دەشبێتە هۆی پەیدابوونی ڕق و کینەو بوغز لە نێو موسوڵماناندا، هەروەها ئەنجام نەدانی غەیبەت و خۆگرتنەوە لێی ڕاستە بەدەم کارێکی ئاسانە بەڵام بەکردەوە زۆری دەوێت و گرانیشە، بۆیە ئەی ئەوانەی بە نهێنی ئازاری خوشکان و برایانی موسوڵمان دەدەن لە خوابترسن و پەشیمان ببنەوە، چونکە بەڕاستی لە ڕۆژی دواییدا دەبنە هەڵگری کۆڵێ تاوانی ئەوان و هیچی تر، خۆشەویستانم گومانی تێدانییە کە غەیبەت بە زمان دەکرێت هەندێ جاریش بە ئیشارەت و شتی تر، بەڵام ئەوەی مەبەستە لێرەدا تەنها زمانەکەی، **زمان: ئەو ئامێرە گۆشتینەیە کە خوای میهرەبان بە مرۆڤەکان بەخشیوە، هەرچەندە ئامێرێکی قەبارە بچووکە بەڕاستی بەشێکی گەورەی باوەڕیشی لەسەر بەندە**، بەڕاستی بەڕێزانم کاتێك خەڵکی لە ڕۆژی دواییدا لەسەر دەم و چاویان ڕاپێچی دۆزەخ دەکرێن تەنها بەهۆی زمانەوەیە کەواتە بیپارێزە، وەبشزانە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە هەموو شتێك کە زیاتر لێی ترسابێت زمان بووە، بۆیە براو خوشکی بەڕێزم .... زۆر پێویستە موسوڵمان ئەوە بزانێت کە زمان گەورەترین ئالەتە بەدەست شەیتانەوە بەوەی کە چۆنی بوێت ئاوا دەیگێڕێت، ئەویش بەوەی ڕۆچوون

لەهەر تاوانێكدا كردنەوەی دەرگایەكە بە ڕووی شەیتاندا، هەر بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هۆگرو چاكەی مرۆڤی بەستۆتەوە بە زمانەوە، هەروەك دەفەرمووێت: ((لاَ يَسْتَقِيمُ إِيمَانُ عَبْدٍ حَتَّى يَسْتَقِيمَ قَلْبُهُ وَلاَ يَسْتَقِيمُ قَلْبُهُ حَتَّى يَسْتَقِيمَ لِسَانُهُ))[١].

واتە: بیروباوەڕی هیچ كەسێك دانامەزرێت هەتاكو دڵی دانەمەزرێت، وەدڵیشی دانامەزرێت هەتاوەكو زمانی دانەمەزرێت، كەواتە زۆر پێویستە ئاگاداری زمانت بیت، چونكە لێكدەرەوەی باوەڕتە، هەڵگری نهێنیەكانی ناختە، زمانت بپارێزە باوەڕت پارێزراوە.

هەندێك لەو ئایەت و فەرموودانەی كە بەڵگەن لەسەر حەرامێتی (غەیبەت) كردن

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱجْتَنِبُوا۟ كَثِيرًا مِّنَ ٱلظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ ٱلظَّنِّ إِثْمٌ ۖ وَلَا تَجَسَّسُوا۟ وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًا ۚ أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَن يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ تَوَّابٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢﴾﴾ (الحجرات:١٢).

پێشەوا إبن كثير (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرمووێت: هەڕەشەی گەورەو سەرزەنشتی توند دەربارەی (غەیبەت) كردن هاتووە، بۆیە خوای گەورە غەیبەت كردنی چوواندوە بە خواردنی گۆشتی مردوو، هەروەك دەفەرمووێت: ﴿أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَن

[١] مسند أحمد (١٣٣٨٩) ، سلسلة الاحاديث الصحيحة (٢٨٤١) .

يَأۡكُلَ لَحۡمَ أَخِيهِ مَيۡتٗا فَكَرِهۡتُمُوهُۚ﴾، ئایا موسوڵمانان هەریەکێك لە ئێوە ئارەزووی خواردنی گۆشتی براکەی بە مردوویی دەکات؟ کە حەزیش ناکەن و پێتان ناخۆشەو بۆشتان ناخورێت، کەواتە چۆن گۆشتی براکەتان بە مردوویی پێناخورێت و بەلاتانەوە ناخۆشە دە ئەوهاش بە زیندوویی مەیخۆن (واتە غەیبەتی موسوڵمانان مەکەن و دەست درێژی مەکەنە سەر کەسایەتی و ئابڕوو شەرەفی، چونکە سزای غەیبەت کردن زۆر لە خواردنی گۆشتی مردوو ناخۆشترو قورسترە)[١].

موسوڵمانە خۆشەویستەکان ئەگەر دەتانەوێت هەست بە شاراوەیی و ڕاستێتی غەیبەت بکەن ئەوە بڕواننە سفرەیەکی دوورو درێژی ڕازاوە، بەڵێ ڕازاوە!! بەچی ڕازاوە؟ بە گۆشتی مرۆڤێکی مردوو، ئایا کەسێك بێزی ئەوەی دێت لەو خواردنە بخوات کە گوشتی مرۆڤە؟!! نەخێر، بەڵام کەسانێك کە ئاگایان لە زمانی خۆیان نییەو لاشەیان لاشەی مرۆڤە و دڵیان دڵی گورکە بەر دەبنە گیان ئەو مردووەو بە ددانیان گوشتیان دەپچڕن و بە زمانیان دەیلیێسنەوە، ئایا ئەو کەسانەی ئەوە دەکەن دەبێ مرۆڤـ بن یا جۆرێك لە دڕندە گۆشت خۆرەکان بن، ئەی دەبێ ئەو لاشەیەی کە سفرەکەی پێ ڕازاوەتەوە بێ ئاگاو بێ دەسەڵات بێت لە بەرەنگاری کردن لە خۆی، پاشان ئەوەی غەیبەتی دەکرێ و گوشتی دەخورێت بەبێ ئاگا کەسێکی خۆی بێت و یان برای دینیت بێت؟ دەبێت چەندێ قێزەون بێت.

---

[١] **بڕوانە**: تفسیرالقرآن العظیم للأمام ابن کثیر (٧ / ٢٩٠).

فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر غەیبەت

١. هاوەڵی بەڕێز مُطَّلِب کوڕی عبدالله (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ذِكْرُكَ أَخَاكَ بِمَا يَكْرَهُ)) [1]. واتە: غەیبەت کردن ئەوەیە کە باسی کەسێك (موسوڵمانێك) بکەیت لە پاش ملە بەوەی کەتیایەتی.

٢. هاوەڵی بەڕێز أبوهريرة (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((أتدرون مالغيبة؟ قالوا: اللهُ وَرَسُولُهُ أَعلَم. قالَ: ذِكْرُكَ أَخَاكَ بِمَا يَكْرَهُ)) [1]. واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ئایا دەزانن غەیبەت چییە؟ ئەوانیش فەرموویان: خواو پێغەمبەری خوا (ﷺ) باشتر دەزانن، جا فەرمووی: غەیبەت ئەوەیە کەباسی براکەت بکەی بەوەی کە پێی ناخۆشە.

٣. هاوەڵانی بەڕێز أبو برزة الأسلمي وبراء کوڕی عازب (خوا لێیان ڕازی بێت) فەرموویانە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((يَا مَعْشَرَ مَنْ آمَنَ بِلِسَانِهِ وَلَمْ يَدْخُلِ الإِيمَانُ قَلْبَهُ لاَ تَغْتَابُوا الْمُسْلِمِينَ وَلاَ تَتَّبِعُوا عَوْرَاتِهِمْ فَإِنَّهُ مَنْ يَتَّبِعْ عَوْرَةَ أَخِيهِ يَتَّبِعِ اللَّهُ عَوْرَتَهُ حَتَّى يَفْضَحَهُ فِي بَيْتِهِ)) [2]. واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ئەی ئەو کەسانەی بەدەم باوەڕتان هێناوەو ڕاستێتی باوەڕ نەچۆتە نێو دڵتانەوە، غەیبەتی موسوڵمانان مەکەن و شوێنی عەیبەو کەم و کوڕییان مەکەون، چونکە هەرکەسێك بەشوێن عەیبەو کەم و کوڕی

---

(١) سنن أبي داود (٤٨٧٦)، السلسلة الصحيحة (١٩٩٢)

(١) سنن أبي داود (٤٨٧٦)، صحيح مسلم (٢٥٨٩)

(٢) مسند أحمد (٢٠٣٣٢)، صحيح سنن أبي داود (٤٠٨٣)، الترغيب والترهيب (٢٣٤٠) .

موسولْمانانددا بگەڕێت و باسیان بکات ، ئەوە خوای گەورە کەم و کوڕیەکانی هەڵدەماڵێت و سەر شۆڕو بێ نرخی دەکات ئەگەر لە ناو ماڵی خۆشیدابێت.

غەیبەت چی یە ؟

موسوڵمانە خۆشەویستەکان لەو فەرموودانەی پێشوو کە باس کران ئەوە ڕوون بووەوە کە تۆ باسی هەر موسوڵمانێك بکەیت (پیاو بێت یان ئافرەت) لە پاشملە وە پێی ناخۆش بێت و ئەو شتەشی تیابێت کەتۆ باسی دەکەی، غەیبەتە و حەرامەو دروست نییە مەگەر لە چەند کاتێکدا نەبێت کە (إنشاءالله) لەمەودوا باسی دەکەین.

ئیمامی غَزالي (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموویێت: بزانە سنوری غەیبەت ئەوەیە: کە تۆ باسی هەر موسوڵمانێك بکەیت لە کاتێکدا ئەو باسەی پێبگاتەوەو بیبیستی پێی ناخۆش بێت، جا باس کردنەکە دەربڕینی کەم و کوڕیەك بێت لە لەشیدا یان عەشیرەت و کەس و کاری، یان کردەوەکانی، یان قسەو گوفتاری، یان دینەکەی، یان ژیانی دونیاکەی، بەڵکو باس کردنی جل و بەرگ و ماڵ و خانو ئاژەڵ و سەیارەکەی، هەر هەمووی دەبێتە غەیبەت.

ئیمامی حَسَن (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرموویەتی: باس کردنی موسوڵمان کاتێك پێی ناخۆشە باس بکرێت لە پاشملە سێ جۆرە:

١. **غەیبەت:** باس كردنی كەم و كوڕیی موسوڵمانێكە ئەگەر پێی ناخۆش بێت دەبێتە غەیبەت با ئەو شتەشی تێدابێت كە تۆ باسی دەكەیت.

٢. **بوهتان:** باسی موسڵمانێك بكەیت بە شتێك كە تێیدا نەبێت، لەم كاتەدا هەم تاوانی غەیبەتت بۆ دەنوسرێت و هەم تاوانی بوهتانەكەش.

٣. **درۆ بۆ هەڵبەستن:** باس كردنی شتێكی خراپە دەربارەی موسوڵمانێك كە پێت دەگات و تەئكید نیت لەسەر ئەوەی ڕاستە یان نا، جیاوازی ئەم خاڵە لە گەڵ خاڵی دووەمدا ئەوەیە كاتێك شتێكی خراپ دەربارەی موسوڵمانێك دەووترێت تۆش یەكسەر بڵاوی دەكەیتەوە بۆ ئابڕو بردن وناشرین كردنی ئەو موسوڵمانەتە، هەروەك چۆن مونافیقەكان درۆی داوێن پیسی كردنیان بۆ دایكی ئیمانداران خاتوو عائیشة "خوای لێ ڕازی بێت" هەڵبەستوو كەسانێكی ئیمان لاوازیش بێ گوێ دان بەڕاستی یان درۆیەتی ئەم بوهتانە كەوتنە بڵاو كردنەوەی، لەم كاتەدا هەم تاوانی غەیبەت و هەم تاوانی بوهتان و هەم تاوانی درۆ بەدەم هەڵبەستنت بۆ دەنوسرێت.

موسوڵمانی خۆشەویست ئەوەی بۆ دایكی ئیمانداران خاتوو عائیشة"خوای لێ ڕازی بێت" هەڵبەسترا، خوا گەورە لە سەرووی ئاسمانەكانەوە بەدرۆی خستەوەو ئایەتی لەسەر ئەو كەسانە دابەزاند كە ئەو درۆیەیان هەڵبەستبوو.

یەك دەنگی زانایان لەسەر حەرامێتی (غەیبەت)

وە جۆرێكیشە لە تاوانە گەورەكان

زانای پایەبەرز إبن کثیر (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لەتەفسیری سورەتی "الحجرات" ئایەتی (١٢)دا دەفەرمووێت: غەیبەت کردن حەرامە بەیەك دەنگی و کۆڕای زانایان، وەهیچ جۆرە غەیبەتێك دروست نییە مەگەر باس کردنی کەسێك کە لە باس کردنەکەیدا خێرو سوودی زیاتر بێت، هەروەکو باس کردنی لایەنی خراپی کەسێك یان ئامۆژگاری کردنی.

وە هەروەها زانای پایەبەرز ئیمامی القرطبي (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرمووێت: زاناکان یەك دەنگن لەسەر ئەوەی کە (غەیبەت) کردن حەرامەو تاوانێکی گەورەیە *، بۆیە پێویستە تەوبەی لێ بکرێت.

هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە خاتوو عائیشەی فەرموو: ((لَقَدْ قُلْتِ كَلِمَةً لَوْ مُزِجَتْ بِمَاءِ الْبَحْرِ لَمَزَجَتْهُ))[١]. واتە: بەڕاستی ئەی عائیشە قسەیەکت کرد ئەگەر تێکەڵ بکرێت لەگەڵ ئاوی دەریاکان تێکی دەداو تام و بۆنی دەگۆڕی. ئەمەش لەکاتێکدا بوو دایکمان خاتوو عائیشە (خوای لێی ڕازی بێت) فەرمووی: ((حَسْبُكَ مِن صَفِيّةَ "كذا وكذا" وفي رواية أنها قَصيرَةٌ))، واتە بەسە ئەی پێغەمبەر (ﷺ) چیت داوە لە(صَفِيَّة) خۆ ئەو ئاواو ئاوهایە. واتە بالأی کورتە، جا توخوا ئەگەر

---

* : تاوانە گەورەکان ئەو تاوانانەیە کە خوای گەورە هەڕەشەی گەورەی لێ کردووە و سزای گەورەشی بۆداناوە لەدونیاو قیامەتدا، وە تاوانە گەورەکانیش خوا لێی خۆش نابێت مەگەر بە تەوبەکردن و گەڕانەوە نەبێت لێی، یان مەگەر خوای گەورە خۆی ویستی لێبێت خۆی لە دواڕۆژدا لێی خۆش دەبێت.

[١] صحيح سنن أبي داود (٤٠٨٠).

خاتوو عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) تەنها ئەو چەند ووشەیەی ووتبێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەو شێوەیە وەڵامی دابێتەوە ئەی دەبێت کەسانێك چیان پێ بوترێت و حوکمیان چی بێت؟ کە بە شەوو ڕۆژ دەمیان بە باس کردن و دەم بۆسەر خەڵکی درێژ دەکەن و باسیان دەکەن و کەم و کوڕیەکانیان هەڵدەدەنەوە. بەبێ گوێدان بە حەرامی و ترسناکی تاوانەکە (پەنا بەخوا) .

چۆن خەڵکی غەیبەت کردنی لێ گۆڕاوە

(هەندێ شت هەیە غەیبەتەو خەڵکی بە غەیبەتی نازانن)

خوشك و برای خۆم.... بەڕاستی شەیتان و سەربازە ماندوو نەناسەکانی فێڵ و تەڵەکەیان زۆرە بۆ ئەوەی بەندەکانی خوا تووشی تاوان وسەرپێچی و غەیبەت بکەن، لەوانە:

یەکەم: هەندێ کەس دەڵێن: ئەوەی کە ئێمە باسی دەکەین هەمووی لەو کەسەدا هەیە و خوڕەوشتی وایە، بۆیە ئاساییە ئەو باس کردنە غەیبەت نییە. جا بۆ وەڵامی ئەم گومانە سێ فەرموودەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) باس دەکەین .

١. پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((الغيبةُ أن تَذكُرَ الرَّجلَ بِما فيه مِن خَلفِهِ))[١].

---

[١] صحيح الجامع الصغير(٤١٨٦).

واتە: باس کردنی موسوڵمانێك لەپاشملە غەیبەتە با ئەو ڕەوشتەشی تێدا بێت کە تۆ باسی دەکەیت.

٢. هاوەڵی بەڕێز أبو هريرة (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ρ) فەرموویەتی:((ئایا دەزانن غەیبەت چییە؟ هاوەڵانیش فەرمویان: خواو پێغەمبەری خوا (ﷺ) باشتر دەزانن. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: غەیبەت ئەوەیە کە باسی براکەت بکەیت بەوەی کەپێی ناخۆشە، ووترا ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەی ئەگەر ئەوەی کە باسمان کرد لەو کەسەدا هەبوو، ئەویش فەرمووی: بەڵێ ئەگەر ئەو شتەشی تێدا بوو دەبێتە غەیبەت، وەئەگەر تیایدا نەبوو ئەوە بوهتانە)) .

٣- فەرموودەکەی هاوەڵی بەڕێز أنس کوڕی مالك (خوا لێی ڕازی بێت) کە دەفەرمووێت: ((كانَت العَرَبُ يَخدِمُ بَعضُها بَعضَاً في الأسفارِ، وَكانَ مَع أبي بَكرٍ وَ عُمَرَ رَجُلٌ يَخدِمُهُما، فَناما، فَاسْتَيقظا، وَلَم يُهَيّئ لَهما طَعامَاً، فَقالَ أحَدُهُما لِصاحِبِهِ: إنَّ هذا لَيُوائِمُ نَومَ بَيتِكُم، فأيقضاهُ، فَقالا: إئْتِ رسولَ اللهِ (ﷺ) فَقُلْ لَهُ: إنَّ أبا بَكرٍ وَعُمَرَ يُقرِئانِكَ السَّلامَ وَهُما يَستأذِمانِكَ، فَقالَ: ائْتَدَمَا فَفزِعا فجاءا إلى النَّبيِّ (ﷺ) فقالا: يارسولَ الله (ﷺ) بَعَثنا إليك نَستأدِمَكَ، فَقُلتَ: ((قَدِ ائْتَدَما)) فَبأيِّ شَيءٍ ائتَدَمْنا؟؟ قال: بِلَحْمِ أخيكُما، والذّي نَفسي بِيَدِهِ إنّي لأرى لَحمَهُ من أنيابِكُما قالا: فَاسْتَغفِرْ لَنا، قال: هُوَ فَلْيَسْتَغْفِر لَكُما)) [١].

---

[١] أخرجه الضياء المقدسي في (الاحاديث المختارة)، السلسلة الصحيحة (٢٦٠٨).

واتە: لەناو عەرەبدا وا باو بووە کاتێك گەشتیان دەکرد خزمەتکاریان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد تا خزمەتیان بکات، ئیمامی (أبوبکر وعُمر) (خوا لێیان ڕازی بێت) پیاوێکیان لەگەڵدا بوو بۆ ئەوەی خزمەتیان بکات و خواردنیان بۆ ئامادە بکات، جا هەردوو پێشەوا (خوا لێیان ڕازی بێت) خەوتبوون کاتێك بەخەبەر هاتن بینیان پیاوەکە خەوتووەو خواردنی بۆ ئامادە نەکردوون، بۆیە یەکێکیان بەوی تریانی ووت: تۆ سەیری بکە بە شێوەیەکی واخەوتووە بەوێنەی خەوی ماڵەوە "واتە بێ خەم خەوتووە" جا ئەوە بوو لە خەو هەڵیان ساندوو پێیان ووت: بچۆ بۆلای پێغەمبەرو (ﷺ) پێی بڵێ (أبوبکر و عمر) (خوایان لێ ڕازی بێت) سەلامت لێدەکەن و داوای خواردنێکت لێ دەکەن، جا لەم کاتەدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: نانیان خواردووە نایانەوێت، ئەوانیش کە گوێ بیستی ئەم ووتەیە بوون ڕاچڵەکین و چوون بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ووتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمە ناردمان بۆ لای تۆ بۆ خواردن کەچی تۆ بەم شێوەیە وەڵامت داوەتەوە، ئایا ئێمە چی شتێکمان خواردووەو بەچی تێر بووینە؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: بە گۆشتی براکەتان تێر بوونە، سوێند بەو خوایەی گیانی منی بەدەستە گۆشتی براکەتان دەبینم لە نێوان ددانەکانتاندا، ئینجا فەرموویان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوای لێخۆشبوونمان بۆ بکە، ئەویش (ﷺ) فەرمووی: با خزمەتکارەکەتان داوای لێخۆشبوونتان بۆ بکات.

دووەم: هەندێ کەس دەڵێن: ئێمە باسی فلان کەس ناکەین لە پاشملە بۆ سوودو بەرژەوەندی خۆی نەبێت کە ئەو ئاگای لێ نییەو نایزانێت.

بەرپەرچی ئەم جۆرە کەسانەش بەم شێوەیە دەدرێتەوە:

١- هەر کردەوەیەك کە ئەنجام دەدرێت پێویستە شەرعی بێت، چونکە هیچ کەسێك لە سزای خوای گەورە ڕزگاری نابێت تەنها بە نییەتی باش بەڵکو دەبێت کردەوەکە بۆ خوابێت و هیچی تری تێکەڵ نەکرێت، چونکە هاوەڵ بڕیاردەرەکان بە گومانی خۆیان نیەتیان زۆر باش بوو کاتێك هاواریان دەکرد بۆ غەیری خوا، وەدەیان ووت: ئێمە نایان پەرستین بەڵکو دەمانەوێت لە خوا نزیکمان بکاتەوە، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ ٣﴾ (الزمر:٣).

واتە: ئەوانەی لە هاوەڵ بڕیاردەرەکان جگە لە خوای گەورە ئەولیاو خۆشەویستیان دانابوو دەیان ووت: ئێمە نایان پەرستین بەڵکو بۆیە هاواریان بۆ دەکەین بۆ ئەوەی لە خوامان نزیك بکەنەوە.

بۆیە براو خوشکی بەڕێزم.... ئەگەر بەوردی سەرنجێکی کورت بدەیت لە ئایەتی ﴿إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ﴾ سوودیان پێ ناگەیەنێت، بۆیە کە تۆش باسی کەسێك دەکەیت و دەڵێیت من بۆ سوودو قازانج باسی دەکەم باس کردنی شتێك کە پێشی ناخۆش بێت ئەوە دەبێتە(غەیبەت).

٢- برای بەڕێزم .... ئەگەر تۆ دەڵێیت: من نییەتم باشەو بۆ بەر ژەوەندی ئەومە، ئەوکات دەبێت کردەوەکەشت باش و دروست بێت، کە ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێت کە تۆ نابێت لە پاش ملە باسی ئەو بکەیت، بە ڵکو بەرەو ڕووی خۆی و بە شێوەیەکی نەرم و نیان و لە

سەر خۆ ئامۆژگاری بكە، وە فێری بكەو تێی بگەیەنە كە ئەو كارە باشەو ئەو كارەش خراپە، بۆیە ناشبێت بێزاربیت لە ئامۆژگاری، چونكە جاری وا هەیە چەند جارێك پێویستی بەو جۆرە ئامۆژگاریانە هەیە.

جا براكەم ئەی خوشكە بەڕێزەكەم (تكایە هەوڵ بدە بەوێنەی مێش هەنگ بیت بەسەر گوڵی جوان و شوێنی پاكەوە بنیشیتەوەو شتی پاك و جوانیش بگوێزیتەوە بۆخەڵكی، ئامان نەكەی بەوێنەی مێش و مەگەز بیت بە شوێنی پیسەوە بنیشیتەوەو شتی پیسیش بگوێزیتەوە) بۆیە بەردەوامبە لە سەر ئامۆژگاریەكەت ئەگەر هەر زانیت سوودی نەبوو ئەوە كەسێكی تر ڕاسپێرە بائامۆژگاری بكات.

هۆكارەكانی غەیبەت كردن و چارەسەركردنی غەیبەت

یەكەم: دامركاندنەوەی ڕق و كینە: ئەمەش لە كاتێكدایە كە كەسێك یان هاوڕێیەكت شتێكی بەرامبەرت كردووەو ڕقی هەستاندویت، بۆیە هەركات كە توشی ئەو حاڵەتە بوویت یان باس كرا یەكسەر هەڵدەكوتیتە سەر هاوڕێكەت و تیر غەیبەتی دەكەیت، وەك تۆڵە سەندنەوەیەك، جا بۆچارەسەر كردنی ئەم حاڵەتەش بگەڕێوە بۆ ئەم ئایەتەی خوارەوە:

﴿ وَسَارِعُوٓاْ إِلَىٰ مَغۡفِرَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ وَجَنَّةٍ عَرۡضُهَا ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلۡأَرۡضُ أُعِدَّتۡ لِلۡمُتَّقِينَ ١٣٣ ٱلَّذِينَ
يُنفِقُونَ فِي ٱلسَّرَّآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَٱلۡكَٰظِمِينَ ٱلۡغَيۡظَ وَٱلۡعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ

(١٣٤) ﴾ (آل عمران:١٣٣-١٣٤). واتە: هەوڵ بدەن و پێشبڕکێ بکەن بۆ لێخۆشبوونی خوایی و بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خوای گەورە و میهرەبان، وە بۆ بەهەشتێك کە پانایيەکەی بە ئەندازەی ئاسمانەکان و زەویە، وە ئامادە کراوە بۆ کەسانێك کە لە خوا دەترسن و پارێزگارن وە ئەو کەسانەی کە لە ماڵەکانیان دەبەخشن و لە کاتی بوون و نەبوونی و خۆشی وناخۆشیدا، وە ئەو کەسانەش کە ڕق و کینەی خۆیان دەخۆنەوەو لێبوردەن بەرامبەر بە خەڵکی وە خوای گەورەش چاکە کارانی خۆش دەوێت .

جا بەڕێزم ...خواردنەوەی ڕق و کینەو غەیبەت نەکردنی ئەو کەسەی کە خراپەی بەرامبەرت کردووە، یاخود تورەی کردووی نیشانەی خۆپارێزی و چوونە بەهەشتی خوایە. هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت: ((مَنْ كَظَمَ غَيْظًا "وَهُوَ قَادِرٌ عَلَى أَنْ يُنْفِذَهُ" دَعَاهُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ عَلَى رُءُوسِ الْخَلائِقِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ حَتَّى يُخَيِّرَهُ اللَّهُ مِنَ الْحُورِ مَا شَاءَ)) [(١)]. واتە: هەر کەسێك ڕق وکینەی خۆی بخواتەوە لە کاتێکدا توانای هەیە هەقی خۆی بکاتەوە لەبەرامبەرەکەی، ئەوە خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا لە سەرووی هەموو خەڵکەوە بانگی لێ دەکات و سەرپشکی دەکات لە هەڵبژاردنی کام حۆرییەی کە ئارەزووی دەکات و پێی خۆشە.

دووەم: دڵ نەشکاندن و ڕازی کردنی هاوڕێیان و ئەو کەسانەی کە لە مەجلیسیان دانیشتوویت: کاتێك دەبینیت هاوڕێکانت باسی خەڵکی دەکەن و غەیبەتیان دەکەن تۆش

(١) أخرجه أبو داود في سننه (٤٧٧٩) والترمذي وإبن ماجه وحسنه لغيره ، الشيخ الالباني في صحيح الترغيب والترهيب (٢٧٥٣)

دەتەوێت ڕێگریان لێ بکەیت و نەهێڵی غەیبەت بکەن، بەڵام ئەوان دەڵێن: بەم شێوەیە قورسی مەکە لەسەرمان لێشت دوور دەکەونەوە و تۆش لەبەر خاتری هاوڕێیەتی کردن و دانیشتن لەگەڵیاندا ڕازی دەبیت و بەڵکو هەندێك یارمەتیشیان دەدەیت لەسەر غەیبەت کردنی موسڵمان، جا چارەسەری ئەمەش بەخوێندنەوەو یادکرنەوەی ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) کە دەفەرموویت: ((وَمَنِ الْتَمَسَ رِضَاءَ النَّاسِ بِسَخَطِ اللَّهِ وَكَلَهُ اللَّهُ إِلَى النَّاسِ))[1]. واتە: هەرکەسێك بیەوێت کە خەڵکی لە خۆی ڕازی بکات بە تووڕەبوونی خوا، ئەوە خوای گەورە دەیداتە دەست خەڵکی.

دەی موسوڵمانە بەڕێزەکان کاتێك دەتەوێت هاوڕێکانت ڕازی بکەیت بەوەی کە غەیبەت بکەن کە خوا پێی ناخۆشە ئەو کاتە خوای گەورە دەتداتە دەست خەڵکی.

سێیەم: بەرز کردنەوەی خۆت بەسەر خەڵکیدا: ئەویش بەشکاندنەوەو بەکەم زانینی کەسانی تر، وەك ئەوەی بڵێی: جا فلانە کەس چییە؟ بە خوا هیچ نازانێت یان باش تێی ناگات، مەبەستت بەمە تەنها کەم کردنەوەیە لە پلە و پایەی بەرامبەر وەواش پیشان بدەیت کە خۆت زیاتری لەو.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتەش تەنها بەوە دەبێت کە بیرو باوەڕت وابێت ئەوەی لای خوای گەورەیە زۆر باشترو چاکترە، وەئەم دونیایەش لای خوای گەورە بەئەندازەی یەك باڵە مێشوولە بەهاو قیمەتی نییە، وە کەسی غەیبەت کراویش لای خوای گەورە پێ

[1] جزء من حديث أخرجه الترمذي وغيره ، وهو صحيح لغيره ، الترغيب والترهيب (٢٢٥٠)،انظر تخريج الطحاوية (٢٧٨).

دەچێت ڕێزی زۆرتر بێت لـەتۆ! وەك پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەفـەرموویت: ((رب أشعث مدفوعٍ بالأبواب، لو أقسم على الله لأبره)) [١]. واتـە: جـاری واهەیـە پیـاوێكی سـەرو قـژ ئالۆزكاوو تەپوو تۆزاوی و دەركراو لە دەرگا خەڵكی بەكەم تەماشـای دەكـەن و ڕێـزی لـێ ناگرن ئەگەر سوێند بخـوات و بلێـت خوایـە دەبێـت ئـەو شـتـەم بـۆ ئـەنجام بـدەیت خـوای گەورەش سوێندەكەی ناخات و شتەكەی بۆ جێ بەجێ دەكات.

چوارەم: یاری و گاڵتەكردن: جاری واهەیە لە دانیشتنێكدا دەبینیت پیـاوی وا هەیـە بـە ڕاست و چەپی خۆیدا چاك و خراپی خەڵك باس دەكات و لەپاشملە لێیان دەدوێت ئەمەش لەشێوەی گاڵتە جارێدا بۆئەوەی خـەڵكی پێـی پـێ بكـەنن و بلـێن بـەخوا گاڵتـە چـییە؟! (بەڵێ لە سـەردەم و ڕۆژگـاری ئەمرۆشمانـدا غەیبـەت بـەرگێكی جـوانتری بـە بـەرداكراوەو لەشـێوەی شـانۆگەری و لاسـایی كردنـەوەوی خەڵكیـدا پێشـكەش دەكرێـت و بەشـێوەی هەزەلی وپێكەنیناویش پاشان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن و كەناڵەكانەوە ئاراستەی خـەڵك دەكرێـت كـە ئەمـەش جۆرێكـە لـە غەیبـەت كـردن بـە كـردەوە) **جا بۆچارەسـەری ئـەم حاڵەتە** ئەم فەرموودەیـە بـەبیرخۆت بهێنـەوە كـە پێغەمبـەر (ﷺ) دەفـەرموێت: ((وَيْلٌ لِلَّذِى يُحَدِّثُ بِالْحَدِيثِ لِيُضْحِكَ بِهِ الْقَوْمَ فَيَكْذِبُ وَيْلٌ لَهُ وَيْلٌ لَهُ)) [١].

---

(١) صحيح مسلم (٢٦٢٢).

(١) أخرجه الترمذي وأبو داود وغيرهما، وحسنه الشيخ الالباني في (صحيح الترغيب والترهيب) (٢٩٤٤) وغاية المرام (٣٧٦).

واتە: وەیل کە شیوێکە لە شیوەکانی دۆزەخ بۆ ئەو کەسەی کە قسە دەکات بۆ خەڵکی وباسی خەڵکیان بۆ دەگێڕێتەوە بەدرۆ بەس بۆ ئەوەی کە دانیشتوان پێی پێبکەنن، وەیل بۆ ئەو کەسە، وەیل بۆ ئەو کەسە.

بەڕاستی زۆر ترسناکە ئازیزانم بۆیە خۆشەویستمان (ﷺ) بەوشێوەیە ووشەی وەیل چەند جارێك دووبارە دەکاتەوە.

پێنجەم: هۆکارێکی تر کە مرۆڤ توشی غەیبەت دەکات بریتیە لە حەسودی: ئەم جۆرەش لە کاتێکدا ڕوودەدات کە کەسێك بە باشە باس دەکرێت لەناو خەڵکیداو ئەو کەسەش خۆشەویستە لەلای خەڵکی و ڕێزی خۆی هەیە، لەو کاتەدا کەسی حەسوود کە بیستی بەم جۆرە مەدحی ئەو کەسە دەکرێت یەکسەر توشی حەساسیەت دەبێت و ڕاستەوخۆ پەنا دەباتە بەر غەیبەت کردنی، چونکە هیچ ڕێگەیەکی تر شك نابات، جابرای خۆم خوشکی بەڕێز... بێگومان کەسی حەسوود حەز بە خێرو خۆشی بەرامبەری ناکات، بەتایبەتی کەسانی نەفام و نەزان، هەرگیز حەز بە ڕێزداری و پلە بەرزی زانایان ناکەن و هەمیشە دەیانەوێت لە ڕێگەی غەیبەتەوە داخی خۆیانیان پێ بڕێژن، بۆیە پێویستە زۆر باش بزانرێت لە کاتێکدا کە غەیبەتی زانایان دەکرێت ئەوە لە پلەو پایەی زانایان کەم نابێتەوە بەڵکو تەنها ڕوو ڕەشی بۆ کەسی غەیبەتکار دەمێنێتەوەو هیچی تر.

سەرهەڵدانی غەیبەتیش لە ڕێگای حەسودییەوە زیاتر لـە نێـوان ئـەو چـینانەدا ڕوو دەدات کە هاوپیشـەن، چـونکە هەنـدێك جـار بینینـی نـازو نیعمـەت بەسـەر کەسـانی هاوپیشـەی خۆتەوە دەبێتە هۆی ڕق و کینەو پاشان حەسودی و پاشان غەیبەت کردنی.

شەشەم: دەست بەتاڵی و بێ کاری و هەست کردن بە بێتاقەتی ئەم مرۆڤە وا لێدەکات کە ڕۆژانەو بەردەوام هەر خەریکی غەیبەت و غەیبەتکاری بێت، وە خوی تەواوی پێوە بگرێت و باسی خەڵکی بکات، جا بۆ چارەسەری ئەم جۆرەش: پێویستە هەمیشە مرۆڤـ خۆی سەر قاڵ بکات بە یادی خواو گوێڕایەڵی پەروەردگاریەوە بەردەوام بێت لەسەر وەرگرتنی زانست و خۆ خەریك کردن بە کاری چاکەوەو دووربکەوێتەوە لە هەموو کارێکی خراپ و بەد. هەر وەك خۆشەویستمان (ﷺ) دەفەرموویێت: ((لاَ تَزُولُ قَدَمَا ابْنِ آدَمَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنْ عِنْدِ رَبِّهِ حَتَّى يُسْأَلَ عَنْ خَمْسٍ عَنْ عُمْرِهِ فِيمَا أَفْنَاهُ وَعَنْ شَبَابِهِ فِيمَا أَبْلاَهُ وَمَالِهِ مِنْ أَيْنَ اكْتَسَبَهُ وَفِيمَ أَنْفَقَهُ وَمَاذَا عَمِلَ فِيمَا عَلِمَ))[١]. واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا دوو پێی هیچ کەسێك لەنەوەی ئادەم ناجوڵێ تا پرسیاری دەربارەی پێنج شت لێ نەکرێت: تەمەنەکەی لە چیا سەرفی کردووە؟ وە گەنجێتیەکەی چۆن بەسەری بردووە؟ لە خواپەرستیدا یاخود لە کاری خراپ و گوێ نەدان بە فەرمانەکانی خوا؟ وە لە ماڵەکەی چۆن پەیدای کردووەو لە چیشدا سەرفی کردووە؟ وە پرسیاری لێ دەکرێت دەربارەی زانستەکەی کەچی سودێکی پێ گەیاندووەو ئایا چۆن گەیاندوویەتی (هەتا چی سنوورێك کردەوەی بە زانیاریەکەی کردوە)؟ ...جا بەڕاستی ژیان پێکهاتووە لەم چەند پرسیارەو بەم قۆناغانەشدا تێدەپەڕێت، کەواتە با هەوڵ بدەین ئەم پرسیارانە هەر لێرە پێش ئەوەی ڕۆژێك بێت بە

[١] صحيح سنن الترمذي (١٩٦٩) وأنظر سلسلة الصحيحة (٩٤٦)

خزمەتی بگەین و پرسیارمان لێ بکرێت وەڵامی بۆ ئامادە بکەین و خۆمانی پێ برازێنینەوە.

حەوتەم: جاری وا هەیە مرۆڤ بۆ نزیك بوونەوەی لە کەسانی خاوەن پلەو پرۆژەو ئیش و کارو دەسەڵاتداران، هەڵدەستێت بە باس کردن و غەیبەت کردنی کرێکارو کار مەندان و کەسانی ترو شکاندنەوەیان بەمەبەستی گەیشتن بەو شوێنە یان بەو کارە، بەڵا مرۆڤ پێویستە هەمیشە بیر لە دەسەڵاتی خواو فەرموودەکانی بکاتەوە، ئەوسا بۆی دەردەکەوێت کە ڕزق و ڕۆزی تەنها لای خوایەو هەر خوای گەورەشە کە دەفەرمووێت: ﴿ نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُم مَّعِيشَتَهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ۚ وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِّيَتَّخِذَ بَعْضُهُم بَعْضًا سُخْرِيًّا ۗ ﴿٣٢﴾ ﴾ (الزخرف: ٣٢).

واتە: ئێمە لەنێوانیاندا بژێوی ژیانمان دابەش کردووە، لە دونیادا هەندێ کەس دەوڵەمەندو هەندێ کەسیش هەژار، وە هەندێکیانمان چەند پلە بەرز کردۆتەوە بەسەر هەندێکی تریاندا، تا هەندێکیان ئیش و کار بە هەندێکیان بکەن.

موسڵمانی خۆشەویست هۆکاری تریش زۆرن کە غەیبەتی پێوە دەکرێت لەوانە: کاتێك کەسێك کارێك ئەنجام دەدات ونهێنیە لای تۆ بەڵام لە شوێنێك باس دەکرێت و تۆش یەکسەر وا دەزانی ئەو کارە فلان کەس کردوویەتی ناوی دەبەیت و ئاشکرای دەکەی، ئەوە دەبێتە غەیبەتی، یان جاری واهەیە کەسێك دەستی ناڕوات تۆش خێرت پێ کردووەو

یارمەتیت داوە لەو کاتەدا لای خەڵکی باسی دەکەیت و دەکەویتە شکاندنەوەی و غەیبەتی دەکەیت.

ترسناکی غەیبەت لە ڕوانگەی فەرموودەکانی پێغەمبەرەوە (ﷺ)

یەکەم: هاوەڵی بەڕێز أبوبکرة (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموویت: ((أَنَّ رَسولَ اللهِ (ﷺ) قال في خطبته في حجة الوداع: إِنَّ دِمَاءَكُمْ وَأَمْوَالَكُمْ وَأَعْرَاضَكُمْ بَيْنَكُمْ حَرَامٌ عَلَيْكُمْ كَحُرْمَةِ يَوْمِكُمْ هَذَا، فِي شَهْرِكُمْ هَذَا، وفِي بَلَدِكُمْ هَذَا، لِيُبَلِّغِ الشَّاهِدُ الْغَائِبَ)) [١]. واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە حەجی ماڵ ئاواییدا ووتارێکی بۆمان خوێندەوە و ئامۆژگاری کردین و فەرمووی: ئەی موسوڵمانان ئاگاداربن و باش بزانن کەخوێنتان و ماڵتان و ناموس و غەیبەت و باس کردنی یەکتری حەرامە لە سەرتان، هەروەکو حەرامێتی کوشتارو ئاشووب نانەوە لەم ڕۆژە پیرۆزەدا، وە لەم مانگە پیرۆزەدا، وە لەم شارە پیرۆزەدا کە شاری مەککەیە، وەهەر کەسیش لەم شوێنەیە ئامادەیەو گوێ بیستی ئەم قسانەیە، بابیگەیەنێت بەو کەسەی کە نەهاتووەو ئامادەنییە.

موسوڵمانی خۆشەویست لێرەوە باش بزانەو سەرنج بدە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) چۆن ئاگادارمان دەکاتەوە لە حەرامێتی خوێن ڕشتن ونانەوەی ئاشوب و دووبەرەکی، هەر واش ئاگادارمان دەکاتەوە لە باس کردن و غەیبەت کردنی موسڵمانان بە حەرامی.

---

[١] صحيح البخاري (٦٧) وصحيح مسلم (١٦٧٩).

دووەم: هاوەڵی بەڕێز براء کوڕی عازب (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((الرِّبا إثنانِ وَسَبعونَ باباً، أدناها مِثلُ إتيانِ الرَّجُلِ أُمَّهُ، وَإنَّ أربى الرِّبا إستِطالَةُ الرَّجل في عِرضِ أخِيهِ))[١]. واتە: ڕیبا (سوو خواردن) حەفتاو دوو بەشە: کەمترین و سووکترین بەشیان وەکو ئەوە وایە کە پیاو (زینا) لەگەڵ دایکی خۆیدا ئەنجام بدات، وەگەورەترین ڕیباش ئەوەیە کە کەسێك باسی ناموس و شەرەفی براکەی بکات و لە پاش ملە باسی بکات یان بوهتانی بۆ هەڵببەستێ، جا مەبەستیش لە باس کردنی ناموس و شەرەفی خەڵکی و غەیبەت کردنیان، کە گەورەترین ڕیبایە ئەوە نییە کە حەددێکی شەرعی یان جەڵدەی لێ بدرێت، نا بەڵکو جۆرێکە لە تاوانە گەورەکان، هەروەك زینا کردنە کە تاوانێکی گەورەیە، پاك و بێگەردی تەنها بۆ خوایە، کوان خاوەن ژیرەکان؟ لەبەرامبەر ئەنجامدانی ئەم تاوانەدا، ألله أکبر کوا ئەو باوەڕەی کە دڵەکان ڕۆشن دەکاتەوە؟ جا سبحان الله خواردنی ڕیبا چەند حەرامەو چەند تاوانێکی گەورەیە؟ تا خوای گەورە بە شێوەیەکی وا باسی دەکات و هەڕەشەو جەنگ ڕادەگەیەنێت لەگەڵ ئەو کەسەی کە دەیخوات و مامەڵەی پێوە دەکات، یان وا باسی دەکات بە ئەندازەی زینا کردن لە گەڵ دایکی خۆیدا (پەنا بەخوا) جا لەمەش خراپتر باس کردنی نامووس و شەرەفی خەڵکی یە.

دەئیتر با کەسانی (غەیبەت)چی لەدوای بیستنی ئەم بەڵگانەوە زمان درێژ بکەن چۆن دەیانەوێت؟ با عەیبەو عاری موسڵمان هەڵماڵن چۆن دەیانەوێت؟ یان چۆن پێیان خۆشە، یان با جاسوسی لە سەر موسوڵمانان بکەنە پیشەی خۆیان و بەردەوام بن .....

---

[١] صحيح الترغيب والترهيب (١٨٥٧) السلسلة الصحيحة (١٨٧١)

بەلاَم ئایا لە سزای خوایی و تۆڵەی بە ئێشی خوای گەورە ڕزگاریان دەبێت؟ نەخێر... ئەی بۆ کوێ دەچن؟ ئایا نازانن ڕۆژگارێك دادێت کە لێپرسینەوەی خوایی هەیە و مردن و ناوگۆڕو ساحەی مەحشەرو حوکمی خوایی لە پێشە؟؟ جا توخوا پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) کاتێك بە دایکمان خاتوو عائیشەی (خوالێی ڕازی بێت) فەرموو: ((لَقَد قُلتِ كَلِمَةً لَو مُزِجَت بِماءِ البَحرِ لَمَزَجَتهُ)) واتە: ووشەیەکت ووت ئەی عائیشە ئەگەر تێکەڵ بکرێت بە ئاوی دەریا ئەوا ڕەنگ و تام وبۆنی ئەو ئاوە دەگۆڕێت.

تەنها لەسەر ووشەیەکی کەم ئەی ئایا دەبێت حاڵی ئەوانە چۆن بێت کە بەردەوام "تووتی ئاسایی" هەر دەیڵێن و هەر دەیڵێنەوە و بەردەوامن لە باس کردن و غەیبەتی خەڵکی؟ یان دەبێت چی دەریایەك خوێ بۆ ئەم تاوانە بگرێت و بۆ گەن نەکات؟ بۆیە وەك ئامۆژگاریەك ئەی خوشك و برای خۆم.... نەکەی خۆت بخەیتە بەر سزای خوایی بۆ تەنها چەند ساتێکی کەمی ئەم دونیا بێ نرخەی کە زۆر کەسانی بە هیلاکا بردوە. خۆت بپارێزە پێش ئەوەی فەرمووی دۆزەخت لێ بکرێت......

سێیەم: هاوەڵی بەڕێز عَمْرِو کوڕی شُعَیب لە باوکییەوە ئەویش لە باپیرییەوە (خوا لێیان ڕازی بێت دەیگێڕێتەوە کە: ((أنَّهُم ذَكَرُوا عِندَ رَسُولِ اللهِ (ﷺ) رَجُلاً فقالُوا: ((لا يَأكُلُ حَتّى يُطْعَمَ وَلا يَرحَلُ حَتّى يُرحَلَ لَهُ، فقالَ رَسولُ اللهِ (ﷺ) اغْتَبْتُمُوه: فَقالوا: يا رَسولَ اللهِ (ﷺ) إنَّما حَدَّثنا بِما فِيه، قالَ: ((حَسْبَكَ إذا ذَكَرْتَ أخاكَ بِما فِيه)) [١].

---

[١] أخرجه الاصبهاني، وحسنه لغيره الشيخ الالباني في صحيح الترغيب والترهيب (٢٨٣٦).

واتە: لە مەجلیسی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) باسی پیاوێکیان کردوو ووتیان: ناتوانێت بخوات تاکو دەرخواردی نەدەی، وە ناتوانێت ولاخەکەی بۆ لێ بخوڕدرێت تا بۆی لێ نەخوڕیت (واتە: بێدەسەلاتە) جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: غەیبەتتان کرد، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسی شتێکمان کرد کەتیایدا بوو، ئەویش فەرمووی: بەسە باس کردنی براکەت کە ببێتە غەیبەت، با ئەو ڕەوشتەشی تێدابێت، گەر پێی ناخۆش بێت.

کەواتە برایانی بەڕێزم.... خوشکانی ئازیز... بەسەو هەتا کەی غەیبەتی براو خوشکی موسوڵمانت دەکەیت؟ هەتاکەی دوو زمانی و باسی موسوڵمان؟؟!! دەکەواتە با هەر یەك لە ئێمە بیرێك لە حاڵی خۆی بکاتەوە، بزانێت ئایا کێ هەیە لە ئێمە بێ هەڵەو کەم و کوڕی بێت؟؟ ئەی باشە کێ لە ئێمە لە شەیتان ئەمینە و پارێزراوە؟؟ بشزانە سوێند بە خوا لە دەرگای هەر ماڵێك بدەیت ئەوە هەر زۆر زوو لە دەرگاکەت دەدرێتەوە.

غەیبەتی زانایان و پیاو چاکان

بزانەبرای موسوڵمان کە باس کردن و غەیبەت کردنی زانایان وپیاوچاکان وەکو غەیبەت کردنی کەسانی سادە و نەشارەزا نییە، چونکە گەر تۆ غەیبەتی خەڵکی ئاسایی و سادە بکەیت تەنها خراپەت بەرامبەر خودی ئەو کەسە کردووە، بەڵام گەر تۆ باسی زانایان وپیاوچاکان بکەیت، ئەوە خراپەت بەرامبەر خۆی کردووە وەك سەرجەم موسوڵمانی تر،

وه خراپەت بەرامبەر ئەو عیلم وزانیاری و شەرعە کردووە کە لایەتی و شارەزایە تێیدا، بەڵی کاتێك باسی زانایەکی شارەزا لە شەرع دەکەیت بە خراپە و غەیبەتی دەکەیت (کە پێ دەچێت واش نەبێت) لە بەر چاوی خەڵکی دەخەیت و سووکی دەکەیت، ئەو خەڵکەش بە چاوی ڕێزەوە سەیری ناکەن و قسەی لێ وەرناگرن، بەڵکو بگرە بۆ پرسیارو وەرگرتنی فەتواش ناگەڕێنەوە لای، وە هەندێ جار ئەوەشی خەڵکی گوێی لێدەگرێت و پرسیاری لێ دەکات گومانی تێیدایە، چونکە تۆی موسوڵمان بە خراپە باست کردووە و غەیبەتت کردووە، ئەو کاتە تاوانێکی گەورەت بەرامبەر شەریعەت ئەنجام داوە.

ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە: زانایان بۆچوونی ڕاست و هەڵەشیان هەیە وە هیچ کەس لە وان و لە ئێمەش بێ کەم و کوڕی و بێ هەڵەو بێ تاوان نییە، بۆیە نابێت و دروست نییە ئێمە هەڵەی زانایان بکەینە ڕێخۆش کەرێك بۆ غەیبەت کردن و کەم کردنەوەی زانیاری و شان و شەوکەتیان، لەبەرئەوەی لە سروشتی هەموو مرۆڤێکە کە کەم و کوڕی هەڵەی هەبێت، بۆیە پێویستە لە سەرمان هەرکاتێك هەڵەیەکمان لە زانایەك یان بانگەوازکارێك یان پێش نوێژو ووتار خوێنی مزگەوتێك بینی نەکەوینە باس کردن و غەیبەت کردنیان، بەڵکو پەیوەندی پێوە بکەین تا ئەو هەڵەیەمان بۆ ڕوون ببێتەوە، چونکە جاری وا هەیە کاتێك کەسێك شتێکت بۆ دەگێڕێتەوە لە فلان کەسەوە بەهەڵە بۆت دەگێڕێتەوە، یان لەو قسەیەی کە بۆتۆی دەگێڕێتەوە جوان لێی تێنەگەیشتووە، یان جاری واهەیە ئەو کەسەی قسەکەت بۆدێنێت نییەتی خراپەو مەبەستی شکاندنەوەو ناشرین کردنی ئەو زاناو مامۆستاو وتار بێژەیە.

بۆیە داواکارم لە گەنجانی تازە پێگەیشتوو و فێرخوازانی زانستی شەرعی لە خوای گەورە بترسن و باس کردنی زانایان نەکەنە کاغەزێکی سپی چۆن بیانەوێت هەڵی بدەنەوە لەسەری بنوسن، بەهەوەسی خۆیان باسی ئەم زاناو ئەو زانا بکەن و قسەیان لەسەر بکەن، توخوا گەر غەیبەتی خەڵکی تاوانێکی گەورە بێت، ئەبێت غەیبەت کردنی زانایان چەندێك گەوترە ترو تاوانتربێت؟

موسڵمان خۆشەویست بە گشتی غەیبەت کردنی زانایان چەندین ئاکامی خراپی لێدەکەوێتەوە **لەوانە**:

١. غەیبەت کردن و ناشرین کردنی زانایان دەبێتە وەرنەگرتنی ئەو حەق و ڕاستیەی کە دەیڵێن، لەکەدارکردن و غەیبەت کردنی زانایان وەك لەکەدارکردنی کەسێکی ئاسایی نییە، بەڵکو کاریگەری زیاترو زۆرترە وە ناشرین کردن و لەکەدارکردنی ئەو حەق و ڕاستیەیە کە لایەتی.

زانایان میرات گری پێغەمبەری خوان (ﷺ) بۆیە لەکەدار کردن و غەیبەت کردنیان لەکەدار کردن و بێ ڕێزییە بەرامبەر بەو زانیارییەی کە لە پێغەمبەری خواوە وەریان گرتووە، وە ئازاردانی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) هەروەك ابن عباس (رضي الله عنه) فەرمویەتی: ((مَن آذَى فَقيهاً فَقَد آذَى رَسولَ اللهَ (ﷺ)، وَمَن آذَى رَسولَ اللهَ (ﷺ) فَقَد آذى اللهَ عَزَّ وَجَلَّ)) [١]. واتە: هەرکەسێك ئازاری زانایەك بدات ئەوە ئازاری پێغەمبەری خوای

---

[١] الترغيب في فضآئل الأعمال وثواب ذلك ١/٣١٦ ، الفقيه والمتفقه للبغدادي ١/١٤٠.

(ﷺ)داوە، وەهەرکەسێك ئازاری پێغەمبەری خوا(ﷺ) بدات ئەوە ئازاری خوا گەورەی داوە، کارێکی وای کردووە کە خوای پەروەردگار پێی ڕازی نییە و پێی ناخۆشە.

٢. غەیبەت کردن و باس کرنی زانایان بە خراپە دەبێتە هۆی دوور کەوتنەوەی فێرخوازانی زانستی شەریعەت لێیان، بۆیە لەو کاتەدا قوتابیانی زانست خواز بەردەوام دەبەن لەسەر ڕێگەی خۆیان بێ ڕێنمونی کەرێکی دڵسۆزو خەمخۆر، وە تووشی چەندەها هەڵەو پێ هەڵخلیسکان دەبن، بۆ؟ لەبەر ئەوەی کەسانێك بە نەشارەزایی و ڕق و کینەیان بەرامبەر بەزانایان هەڵدەکوتنە سەریان و لەکەداریان دەکەن و لەبەرچاوی خەڵکیان دەخەن، ئەوکاتە خەڵکی وەکو ڕانە مەڕی بێ شوان پەرت و بڵاو دەبن و چەندەها بۆچوونی جیاواز دروست دەبێت، هەمووی بە قسەو لە خوانەترسانی کەسانێکی سەر گەرم و تازە پێگەیشتوو، کە هەندێك جار قسەی وا دەکات و فەتوای وا دەدات زانایان ناوێرن بەو بوێرییە فەتوا بدەن، کەسانێك سوێند بە خوای گەورە پێ دەچێت شارەزاییان نەبێت لە مانای (لا إله إلاّ الله) کە بنەڕەت و بنچینەی ئیمانە، وە شارەزاییان نەبێت لە زمانی عەرەبی کە گەورەترین هۆکارە بۆ تێگەیشتن لە قورئان و سوننەت بە شێوەی ڕاست و دروست کەچی هەڵدەکوتنە سەر زانایان و لە خواترسان و غەیبەتیان دەکەن و لەکەداریان دەکەن ، زانایەك کە دەیان ساڵ بگرە زیاتر تێکۆشاوەو شەو نخونی و ماندوو بوونی بینیوە، تا بگاتەڕادەیەك خەمخۆری تۆ بێت و لە گەورەیی خوای گەورە و سزای دۆزەخ ئاگادارت بکاتەوە، کاتێك غەیبەتی دەکەیت، ئایا تۆ شارەزا تری لەو؟ نا، سوێند بە خوای گەورە، تۆ لەو خەمخۆرتری بۆ موسوڵمانان؟ بە گومانی خۆت بەڵێ، بەڵام سوێند بە خوای گەورە نەخێر، بۆیە موسوڵمانی خۆشەویست گۆشتی زانایان

مـەخۆن (غەیبـەتیان مەکـەن)، چـونکە (لحوم العلماء مسمومة) واتـە: خـواردنی گۆشـتی زانایان ژەهراوییە، بۆیە هەرکەسێك بەر ببێتە گیان زانایانی ڕاستەقینەو غەیبـەتیان بكـات و تانەو تەشەرەیان لێ بدات با بێ گومان بێت وەکو کەسێکە خۆی ژەهر خواردوو کردوەو خۆی لە ناو بردووە.

بەڵام لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوەو دەکرێت: ئەگەر زانایەك هەڵەیەکی کردبـوو یـان زیاتر ئایا باس کرنی غەییەتە یان نا؟

وەڵام: موسوڵمانی خۆشەویست خوای گەورە فەرمانی پێ کردووین کە قسەی هیچ کەسێك نەخەینە پێش قسەی خواو پێغەمبەری خواوە (ﷺ)، هەر وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُقَدِّمُواْ بَيْنَ يَدَيِ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ١ ﴾ (الحجرات: ١).

واتە: ئەی ئیمانداران قسەی هیچ کەسێك مەخەنە پـێش قسـەی خـواو پێغەمبـەری خـواوە (ﷺ)، تەقوای خواتان هەبێت و لە خوای گەورە بترسن، خوای گەورە بیسەرو زانایە.

دروست نییە بە هیچ شێوەیەك بۆچوون و قسەی هیچ کەسێك بخەیتـە پـێش قسـەی خـواو پێغەمبەری خواوە (ﷺ) ئەگەر خۆت بە ئیماندار ئەزانیت، بۆیە کاتێـك فـەتوای زانایـەکت بینـی پێچـەوانەی فـەرمودەی خـوای گـەورە و پێغەمبـەری خوایـە (ﷺ) وەری ناگریـت و کاری پێناکەیت، بەڵکو لە هەمان کاتـدا نـەك غەیبـەت نییـە بـەڵکو پێویسـت و واجبـە کـە خەڵکی ئاگادار بکەیتەوە لەو هەڵەیە بە لێزانی و لەسەرخۆیی، چونکە گەر هەر بڵێین فـلان کەس ئاوها و ئاوها زاناو شارەزایەو چاو پۆشی لە هەڵـەکانی بکرێـت ئـەو کاتـە بەتـەواوی

شەرعی خوای گەورە دەگۆڕێت، لە جیاتی یەکخوا پەرستی هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای گەورە بڵاو دەبێتەوە، چونکە لەناو بەناو زانایان و مامۆستایان هەیە هاوارکردن بۆ جگە لە خوای گەورە بە دروست دەزانێت لە کاتێکدا گەورەترین تاوان و شیرکە، گەر لایەنی هەڵەی ئەو کەسانە ڕوون نەکرێتەوە ئەوە بێگومان خەڵکی بە هۆی بەناو زاناو مامۆستاوە شوێنیان دەکەون وسەریان لێ دەشێوێت، یان گەر لایەنی هەڵەی ئەو کەسانە ڕوون نەکرێتەوە ئەو کاتە لە شوێنی سوننەت بیدعەو شتی خراپ بڵاو دەبێتەوە، بەڵی کەسانێك هەرچەندە پێیان بوترێت زاناو شارەزا گەر بنەمای جیا کرنەوەی سوننەتیان لە بیدعە نەبێت، ئەوە بێ گومان بیدعە دەکەن و خەڵکیش لە سوننەت دوور دەخەنەوەو لەسەر بیدعە پەروەردەیان دەکەن، بۆیە زانایەك ئیجتیهادی کردووەو حەقی نەپێکاوە تێیدا دەبێت هەڵەکەی ڕوون بکرێتەوە بە دڵسۆزی و ڕێز گرتنی تەواو لە زاناکە، بەڵام کەسانی نەشارەزاو بیدعەچی پێویستە باس بکرێن و پەردە لە ڕووی بیدعەکانیان هەڵبماڵدرێت، تا دینی خوای گەورە بە پوخت و پاکی و دوور لە شتی پڕو پوچ لە ناو خەڵکیدا بڵاو ببێتەوە، وە کەسانێك بەنەزانی یان کەسانێك بە مەبەستی خراپیان نەتوانن سوننەتی پاك و پیرۆزی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بگۆڕن.

٣. لەکەدارکردنی زانایان و غەیبەت کردنیان بێ نرخ کردنیانە لەبەر چاوی خەڵکی، وە نەمانی شان و شەوکەت و ڕێزیانە لە دڵیاندا، کە ئەمەش دوژمنانی ئیسلام دڵخۆش دەکات، هەر بۆیە لەزۆربەی وڵاتە ئیسلامیەکاندا زانایان بێ ڕێزو بێ نرخ کراون، چونکە کەسانی نا شایستە زانایانیان بێ ڕێزو بێ نرخ کردووە لەبەر چاوی خەڵکی (خوای گەورە

ئەو کەسانە زیاتر بێ ڕێزو بێ نرختر بکات کە دەیانەوێت سووکایەتی بە زانایان و پیاوچاکان و بانگەوازخوازان بکەن، آمين).

٤. هاتنەدی ئاواتەکانی دوژمن هەر هەمووی بە هۆی بێ ڕێز کردنی زانایان و غەیبەت کردنیانە.

بەڵام لێرەدا دەبێت ئاگاداری خاڵێك بین کە زانایان قسەیان لەسەر کردووە و موسوڵمانانیان لێ ئاگادار کردووەتەوە، ئەویش ئەوەیە کاتێك دەوترێت غەیبەت کردنی زانایان تاوانی زیاترە لە غەیبەتی کەسانی سادە، ئایا زانایان گەر هەڵەشیان هەبێت نابێت باسی هەڵەکانیان بکرێت؟ یان باس کردنی هەڵەکانیان پێویستە و دەبێت ڕوون بکرێتەوە؟

ئیمامی البَربَهاري (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموویێت: بزانە کە پێ هەڵخلیسکان و دەر چوون لە ڕێگای ڕاست بە دوو شێوەیە:

یەکەم: پیاوێك (زانایەك) ڕێگای ڕاستی هەڵە کردووە، لە کاتێکدا تەنها مەبەستی حەق بووە، لەم کاتەدا چەندێك ئەو زاناو پیاوچاکە هیچ مەبەستێکی نەبووە تەنها خێرو چاکە نەبێت، بۆیە نابێت شوێنی هەڵەکەی بکەوین، چونکە ئەو کەسەی شوێنی هەڵەی زانایان دەکەوێت و دەش زانێت هەڵەیە کەسێکی لە ناو چووە.

دووەم: کەسێك نکوڵی لە حەق و ڕاستی دەکات و پێچەوانەی زانایان و پیاو چاکانی لە خوا ترسی پێشینی خۆی دەجولێتەوە، ئەوە کەسێکی گومڕاو سەرلێشێواوەو سەر لە

خەڵکیش دەشێوێنێت، شەیتانێکی لە ڕێ دەرچووی ئەم ئوممەتەیە، بۆیە هەرکەسێك بیناسێ و شارەزای حاڵی بێت پێویستە خەڵکی لێ ئاگادار بکاتەوەو باسی حاڵی بکات بۆیان، تا خەڵکی نەکەونە بیدعەو سەر لێشێواویەکەیەو لە ناو بچن [1].

بزانە (ڕەحمەتی خوات لێبێت) ئیسلامەتی هیچ بەندەیەك تەواوو دروست نییە تا کەسێکی شوێن کەوتووی ڕاستەقینەی پێغەمبەر (ﷺ) نەبێت و ڕاستگۆو موسوڵمانێکی تەواو نەبێت، وە هەرکەسێك گومانی وابێت شتێك ماوە لە ئیسلامداو هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) پێیان نەگەیاندووین، ئەوە کەسێکە هاوەڵانی پێغەمبەری (ﷺ) بەدرۆ خستۆتەوە، بەسە بەو قسەیەی کە دەیکات ببێتە مایەی پارچە پارچەیی و تانەو تەشەنە دانی لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ)، ئەو کەسەی کەوا دەڵێت کەسێکی گومڕاو سەرلێشێواوەو سەر لە خەڵکیش دەشێوێنێت، کارێکی هێناوەتە ناو ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە کە خۆی تێیدا نەبووە [1].

وە بڕوانەو سەیر بکە هەموو ئەو قسانەی کە دەیبیستیت لە کەسانی سەردەمی خۆت، پەلە مەکەو هیچ کارێك مەکە لە خۆتەوە، تا پرسیار دەکەیت و سەیر دەکەیت: ئەوەی کە دەوترێت و دەیبیستیت لە کەسانی سەردەمی خۆت، ئایا هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ)، یان یەکێك لە زانایان ووتویانە ؟ ئەگەر شتێکت بەدی کرد لە بۆ چوون و قسەی هاوەڵانی

---

[1] شرح السنة للعلامة المحدث الإمام البربهاري (ص ٢).

[1] جامع بيان العلم لإبن عبدالبر (ص ١٨١٠).

پێغەمبەر (ﷺ) و زانایاندا دەستی پێوە بگرەو لێی دەرمەچۆ، وە هیچ قسەو بۆ چوونێك مەدە بەسەر قسەكانیاندا، چونكە ئاگری دۆزەخ دەتگرێت[٢].

وە بزانە ئەوەی كە كۆمەڵی موسوڵمانانی لەسەر بنیات بنرێت تەنها هاوەڵانی پێغەمبەرن (ﷺ) كە ئەوان بە ڕاستی ئەهلی سوننەو جەماعە بوون، بۆیە هەركەسێك دینیان لێوەرنەگرێت بێ گومان كەسێكی سەر لێشێواو بیدعەچییە ، وە هەموو بیدعەو تازە داهێنراوێك لە دیندا سەر لێشێواوییە، وە هەموو گومڕاو سەر لێشێواوێك لە ئاگری دۆزەخدایە، هەروەك ئیمامی عومەر (رضي الله عنه) دەفەرمووێت: هیچ كەسێك عوزری نییە تا شوێنی گومڕایی و سەرلێشێواوی بكەوێت وابزانێت ڕێنمونی و خێری تێدایە، هیچ كەسێك عوزری نییە تا واز لە سوننەت و ڕێنمونی بهێنێت و واگومان بەرێت كەسەرلێشێواوی تێدایە، هەموو كارێك ڕوون بوّتەوەو حوجەو بەڵگە جێگیر بووە، وە عوزر بۆ هیچ كەسێك نەماوە.

پرسیارێك: ئایا كاتێك باسی هەڵەی (بیدعەی) هەر كەسێك دەكرێت دەبێت باسی چاكەكانیشی بكرێت؟

وەڵام: برای موسوڵمان گەر بە ووردی چاوی ڕاستگۆیی بڕوانیتە كتاب و نوسراوو فەتواكانی (إبن تیمیة) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) بۆت دەردەكەوێت كە شێخی ئیسلام (إبن تیمیة) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) كاتێك باسی هەر كۆمەڵێكی سەرلێشێواو دەرچوو لە ڕێگای

---

[٢] شرح السنة للعلامة المحدث الإمام البربهاري (ص ٢).

ڕاستی کردبێت، نابینیت باسی عیلم و چاکەو لە خوا ترسیانی کردبێت، چونکە گەر باسی عیلم و چاکەیان بکرێت ئەو کات دەبێتە دەعوە کردن بۆیان، بەڵکو لە چەندین نوسراو کتابیدا زۆر بە توندی ڕەددی ئەهلی بیدەع و سەرلێشێواوانی داوەتەوە، بۆیە زۆری لەسەریان نوسیوە، وەك لەم کتابانەیدا بەرچاوت دەکەوێت: (درأ تعارض العقل والنقل)، (بيان تلبيس الجهمية)، (منهاج السنة النبوية) کەوا زیاتر ڕەددی شیعەیە، (الحموية)، (الواسطية)، (التدمرية)، (التوسل والوسيلة)، (الرد على البكري)، (الرد على الأخنائي)، وە جگە لەمانەش کە جیهادی گەورەی (إبن تيمية) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) بریتی بووە لە ڕەددانەوەی ئەهلی بیدەع، لە گەڵ کردنی جیهاد بە دەست و لاشەی.

هەروەك دەفەرموێت: ئەو کەسەی ڕەددی ئەهلی بیدەع و سەرلێشێواوان دەداتەوە کەسێکی موجاهیدو تێکۆشەرە، هەتا (يحيى کوڕی يحيى) فەرموویەتی: پارێزگاری کردنی سوننەت و دیفاع کردن لێی گەلێك باشترە لە جیهاد[1].

وە هەروەها ئەگەر بڕوانیتە فەتوای گەورە زانایانی وەك (شێخ إبن باز، شێخ ئەلبانی، شێخ صالح الفوزان، شێخ عبدالعزيز المحمد السلمان) و زانایاتی تری شوێن کەوتووی مەنهەجی سەلەفی ساڵح، بۆت دەردەکەوێت کاتێك باسی بیدعەی کەسانی بیدعەچیان کردووە باسی عیلم و چاکەیانیان نەکردووە، چونکە باس کردنی چاکەکانیان بانگەواز

---

[1] نقض المنطق لشيخ الإسلام إبن تيمية (رحمه الله) ص١٢ .

کردنە بۆ بیدعەکەیان وە پێویست ناکات (منهج الموازنة) واتە: (واتا کاتێك باسی بیدعـە و خراپەیان بکرێت باسی چاکەکانیشیان بکرێت) بەکاربهێنرێت[٢].

زەرەروو زیانەکانی غەیبەت کردن

غەیبەت کردن تاوانەو بێ گومانیش تاوانەکان هەموویان خـاوەنی زەرەروو زیـانی تایبـەتی خۆیانن لەوانەش:

یەکەم: کەمکردنی چاکە: واتە هەرکات غەیبەتت کرد ئەوە بزانە کە لە چاکەکانت کەم کراوەتەوەو لەتەرازووی ئەو دونیات هەڵدەگیرێت و دەدرێت بەکەسی غەیبەت کراو، هەروەك لەم فەرموودەیەدا ئاماژەی پێکراوە، هـاوەڵی بەرێز أبوهريرة (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((أَتَدْرُونَ مَا الْمُفْلِسُ؟ قالوا: المُفلِسُ فينا مَن لا دِرهَمَ لَهُ وَلا مَتاع، فقال (ﷺ) :((إِنَّ الْمُفْلِسَ مِنْ أُمَّتِي يَأْتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِصَلاَةٍ وَصِيَامٍ وَزَكَاةٍ وَيأْتِي قَدْ شَتَمَ هَذَا وَقَذَفَ هَذَا وَأَكَلَ مَالَ هَذَا وَسَفَكَ دَمَ هَذَا وَضَرَبَ هَذَا فَيُعْطَى هَذَا مِنْ حَسَنَاتِهِ وَهَذَا مِنْ حَسَنَاتِهِ فَإِنْ فَنِيَتْ حَسَنَاتُهُ قَبْلَ أَنْ يُقْضَى مَا عَلَيْهِ أُخِذَ مِنْ خَطَايَاهُمْ

---

[٢] **بڕوانە پێشەکی کتابی** (منهج أهل السنة والجماعة في نقد الرّجال والكتب والطوائف)، **کە دانراوی** شيَخ ربيع بن هادي عمير المدخلي.

فَطُرِحَتْ عَلَيْهِ ثُمَّ طُرِحَ فِي النَّارِ)) [١]. واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ئایا دەزانن موفلیس (ئەوەی کە هیچی نییە)کێیە؟ ئەوانیش فەرموویان: موفلیس ئەو کەسەیە کە نە پارەی هەیەو نەماڵیش، جا پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) فەرمووی: نـەخێر، موفلیس لە ئوممەتی مندا ئەوە نییە کە ماڵ و نە پارەی نییە، بەڵکو کەسێکە کە لە دونیادا نوێژی کردووە، ڕۆژووی گرتووە، زەکاتی داوە، بەڵام جوێنی بە ئەو داوەو بوختانی بۆ ئەم هەڵبەستوەو، خوێنی ئەوی ڕشتووەو لەوی داوە، بۆیە لە ڕۆژی دوایدا لە چاکەکانی هەڵدەگیرێت و دەدرێت بەو کەسەی کە خراپەی بەرامبەر کراوە، وەئەگەر لە چاکەکانیشی تەواو بوو، ئەوە لە تاوانی کەسی بەرامبەری هەڵدەگیرێت و دەدرێت بەسەر ئەمدا، پاشان فڕێ دەدرێتە ناو ئاگری دۆزەخی.

جا ئازیزان.... بیرێك بکەنەوە توخوا چەند ناخۆشە کە لە دونیای پڕ کێشـەو ناخۆشـیدا ئەم هەموو هـەوڵ و ماندووبوونـەت داوەو هـەروا بـە ئاسـانیش لـە ڕۆژی دوایـدا بـدرێت بـە خـەڵکی! ! هـەر بۆیـە (عبدالرحمن کـوڕی مهدي) (ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت) دەفـەرمووێت: ((ئەگەر لە بەر ئەوە نەبوایـە کـە غەیبـەت کـردن تاوانـەو خـوای گـەورەش پێـی ناخۆشـە بکرێت، ئەوا ئارەزووم دەکرد هەرچی خەڵکی ئەم شارە هەیە غەیبەتیان بکردمایە، چونکە دەبێت چی شتێك لەوە خۆشتر بێت کە لە ڕۆژی دوایدا لە نـاو کتـێبی چـاکەکانتدا کۆمەڵـە چاکەیەك ببینیت، کە خۆت ئـەنجامت نـەداوە، وە ئاگاشـت لێـی نـەبووە، جـا لـە چـاکەی ئەوانەی کە غەیبەتیان کردووی یاخود ماڵیان خواردووی یان هەر غەدرێکیان لەبەرامبـەردا کردووی دەدرێ بە تۆی غەیبەت کراو بە بێ ئاگا)).

---

[١] صحيح مسلم (٦٧٤٤).

دووەم: هەڵماڵینی کەم و کوڕی و عەیبی غەیبەت چی: کە بە ڕاستی ئەمەیان زۆر لەو هەڕەشانەی تر ناخۆشترو ڕیسوایی کەرترە ئەویش ئەوەیە کە خوای گەورە خۆی عەیب و کەم و کوڕیەکانی غەیبەت چــی هەڵدەماڵێت، هەروەك أبو برزة الاسلمي و براء کوڕی عازب (خوایان لێ ڕازی بێت) دەگێڕنەوە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) کە فەرمویەتی: ((يَا مَعْشَرَ مَنْ آمَنَ بِلِسَانِهِ وَلَمْ يَدْخُلِ الإِيمَانُ قَلْبَهُ لاَ تَغْتَابُوا الْمُسْلِمِينَ وَلاَ تَتَّبِعُوا عَوْرَاتِهِمْ فَإِنَّهُ مَنْ يَتَّبِعْ عَوْرَةَ أَخِيهِ يَتَّبِعِ اللَّهُ عَوْرَتَهُ حَتَّى يَفْضَحَهُ فِي بَيْتِهِ))[١]. واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ئەی ئەو کەسانەی کە بە دەم باوەڕتان هێناوەو ڕاستی باوەڕ نەچوّتە ناو دڵەکانتانەوە، غەیبەتی موسوڵمانان مەکەن، وە مەشکەڕێن بە دوای ناموس و کەم و کوڕیەکانیاندا، چونکە هەرکەسێك بە دوای عەیب و کەم و کوڕی براکەیدا بگەڕێت و شوێنی عەیبی برا موسڵمانەکەی بکەوێت، ئەوە خوای گەورە عەیبو کەم و کوڕیەکانی هەڵدەماڵێنێت، وە هەر کەسێکیش کە خوای گەورە عەیبی هەڵبماڵێت ئەوە ڕیسوای دەکات ئەگەر چی لە نیاو ماڵی خۆیشی دابێت. کەواتە ئەگەر دەتەوێت خوای گەورە عەیبت هەڵنەماڵێت و عەیبەکانت بپۆشێت لە ڕۆژی دوایدا ئەوە تۆ عەیبی خەڵك دەر مەخەو بیشارەوە.

سێیەم: سزای ناو گۆڕ: واتـە غەیبـەت کـردن دەبێتـە هـۆی سـزای گـۆڕو ئـازار دانـی مرۆڤــ لە ناو گۆڕدا، لە أبويعلى کوڕی سيابة (خوا لێی ڕازی بێت) : ((أنَّهُ عَهِدَ النَّبِيَّ (ﷺ) وأتَى عَلى قَبرٍ يُعَذَّبُ صاحِبه، فَقال: (إنَّ هذا كانَ يَأكُلُ لحُومَ النّاسِ) ثُمَّ دَعَى بِجَريدَةٍ رَطبَةٍ،

---

[١] مسند أحمد (٢٠٣٣٢)، صحيح سنن أبي داود (٤٠٨٣)، الترغيب والترهيب (٢٣٤٠).

فَوَضَعَهَا عَلَى قَبرِهِ، وقال: (لَعَلَّهُ أَنْ يُخَفَّفَ عَنْهُ مَا دَامَتْ رَطْبَةً))[(١)]. واتە: (یەعلای کوڕی سیابە) دەفەرموویێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە تەنیشت گۆڕێکدا ڕۆیشت، فەرمووی: خاوەنی ئەم گۆڕە ئێستا سزای ناو گۆڕی لەسەرە، وە فەرمووی: (ئەمە کەسێك بووە کە گۆشتی خەڵکی خواردوە، واتە(غەیبەتیانی کردووە) پاشان داوای نەمامێکی دارخورمای کردوو لەسەر گۆڕەکە ناشتی و فەرمووی: ئومێد وایە سزای لەسەر سووك بکرێت هەتاکو ئەم دارە بە سەوزی بمێنێتەوە.

چوارەم: سزای ئاگری دۆزەخ: هاوەڵی بەڕێز أنس کوڕی مالك (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموویێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((لَمَّا عُرِجَ بِی مَرَرْتُ بِقَوْمٍ لَهُمْ أَظْفَارٌ مِنْ نُحَاسٍ يَخْمِشُونَ وُجُوهَهُمْ وَصُدُورَهُمْ فَقُلْتُ مَنْ هَؤُلاَءِ يَا جِبْرِيلُ، قَالَ: هَؤُلاَءِ الَّذِينَ يَأْكُلُونَ لُحُومَ النَّاسِ وَيَقَعُونَ فِي أَعْرَاضِهِمْ))[(٢)]. واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: کاتێك شەوڕەویم پێکرا بەرز کرامەوە بۆ ئاسمانەکان بەلای کۆمەڵێکدا تێپەڕیم کە نینۆکی مسیان هەبوو دەم و چاوو سنگی خۆیان ئەڕوشان و دادەڕنی، منیش بە (جبریل)م (علیەالسلام) ووت: ئەمانە کێن؟ ئەویش فەرمووی: ئەوانە جۆرە کەسانێکن کە گۆشتی خەڵکیان خواردووە (غەیبەتیان) کردووە، باسی عەیب و ناموسی خەڵکیان کردووە.

پێنجەم: هاوەڵی بەڕێز إبن عمر (خوا لێیان ڕازی بێت) دەفەرموویێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو: ((مَنْ قَالَ فِي مُؤْمِنٍ مَا لَيْسَ فِيهِ أَسْكَنَهُ اللَّهُ رَدْغَةَ الْخَبَالِ حَتَّى يَخْرُجَ

---

(١) أخرجه الإمام أحمد (٥/٣٥- ٣٦) وقال الشيخ شعيب الأرناؤوط: إسناده قوي.

(٢) رواه أبوداود (٤٨٧٨/٤٨٨٠)، والطبراني في المعجم الأوسط(٨).

مِمَّا قَالَ)) [١]. واتە: (عبداللە كوڕی ئیمامی عُمر) (ڕەزای خوایان لێبێت) دەفەرمووێت: گوێم لەپێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو دەیفەرموو: هەركەسێك قسەیەك بە باوەڕدارێك بڵێت و واش نەبێت، ئەوە خوای گەورە دەیخاتە ناو كێم و زوخاووی ئەهلی دۆزەخەوە، تا واز لەقسەكەی نەهێنێت.

كەواتە ئێستا زانرا كە غەیبەت كردن چەندێك زیان و زەرەری هەیە وە ئایا چ هەڕەشەیەك كراوە لە كەسانی غەیبەت چـــی، بۆیـە موسـڵمانان بەڕاسـتی زۆر پێویسـتە موسـڵمان زۆر ئاگـادار بێـت و خـۆی بپارێزێـت لـەو تاوانـەو گـوێگرتن لێـی، وەبشـزانە كـە گـوێ و دڵ بەرپرسیارن بەرامبەر بەگوێگرتن لەغەیبەت، هـەروەك خـوای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿إِنَّ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡبَصَرَ وَٱلۡفُؤَادَ كُلُّ أُوْلَٰٓئِكَ كَانَ عَنۡهُ مَسۡـُٔولٗا ٣٦﴾ (الإسراء:٣٦). واتـــە: گـــوێ و چـــاوو دڵ هەموویان بەرپرسیارن لە گوێ گرتن و تێڕوانین و ئارەزوو كردنی تاوان و غەیبەت.

كەسی گوێگر بۆ غەیبەت یەكسان و بەشدارە لە تاوانەكەدا

بەڵێ نەك هەر غەیبـەت كـردن تـاوان بێـت و بـەس نـا بـەڵكو گـوێ بـۆ گـرتن و بـێ دەنـگ بوونیش لەسەر غەیبەت كردن بەشدارت دەكات لەو تاوان و خراپەیەدا، بۆیە زۆر بـەووردی سەرنجێك لەو فەرموودەیەی پێشوو بدەو ئینجا خۆت بەراورد بكە بەو شێوەیە، لەوەدا كە كەهەردوو ئیمـامی (ئـەبو بـەكرو ئیمـامی عومـەر) (خوایـان لـێ ڕازی بێـت) یـەكێكیان بـەوی

---

[١] صحيح سنن أبي داود (٣٠٦٦).

تریانی ووت: چۆن خەوتنێك خەوتووە دەڵێی لەماڵی خۆیانە، پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) چ وەڵامێکی هەبوو بۆیان؟ بۆیە عبداللە کوری مُبارك (رەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت: ((فِرَّ من المغتاب فرارك من الأسد)). واتە: ڕاکەو خۆت بەدوور بگرە لە کەسی غەیبەت چی هەروەك چۆن ڕادەکەی لە دەست شێرێك کە ترسی ئەوەت هەیە بتخوات.

خەوێکی سەرسوڕهێنەرو ترسناك

(کهمس کوڕی عبداللە) (رەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت: گوێم لە (مەیمونی کوڕی سیاە) بوو (رەحمەتی خوای لێبێت) دەیفەرموو: جارێکیان دانیشتبووین لە مەجلیسێکدا باسی کەسێکیان کرد، بەشێوەیەکی خراپ و غەیبەتیان کرد، مەیمونیش فەرمووی: منیش هیچم نەووت نەبە چاك نە بەخراپ، پاشان کە لە دانیشتنەکە هەستاین و چووەمەوە بۆماڵەوەو خەوتم، خەوم بینی ئەوەبوو لە خەومدا کەلاکێکی گوێ درێژیان بۆ هێنام و لە بەر دەممدا دایانناو کەسێکیش لە دیار سەرم بوو خێرا خێرا دەیووت: بخۆ، منیش هەر دەم ووت: چی بخۆم ئاخر بۆچی بیخۆم چۆن بیخۆم؟ کەسەکەش دەیووت: بیخۆ، چونکە لەو مەجلیسەی تیایا دانیشتبووی غەیبەتی فلانە کەس کراو تۆش بەشدار بوویت، ئەمیش دەڵێ: لەخەوەکەمدا ووتم: ئاخر خۆ من هیچم باس نەکرد، دەڵێ: کەسەکەش پێی ووتم: ئاخر تۆ گوێت بۆگرت و بێ دەنگ بوویت، کە ئەوەش نیشانەی ڕازی بوونە. بۆیە(کهمس کوڕی عبداللە) دەفەرموێت: لەو ڕۆژەوە نەمان بینی مەیمونی کوڕی سیاە غەیبەت بکات و لە مەجلیسی غەیبەتدا دابنیشێ، وە ئەگەر غەیبەتیش بکرایە ئەوا ڕێی لێ دەگرت و

نەیدەهێشت، وە ئەگەر کەسی غەیبەت چی هەر وازی نەهێنایە ئەوا مەیمونی کوڕی سیاه ئەو جێگایەی بە جێ دەهێشت و دەڕۆیشت}[١].

وسمعك صن عن سماع القبيح كصون اللّسان عن النطق به

فإنك عند سماع القبيح شريك لقآئله فانتبه

واتە: گوێت بپارێزە لە بیستنی ووتەی خراپ و تاوان (غەیبەت) وەك پاراستنی زمانت لە قسەی خراپ، کاتێك کە تۆ گوێ دەگریت بۆ بیستنی ووتەی خراپ و تاوان (غەیبەت) بێگومان بەو ئاگاداربە کە بەشداری لەو تاوانەدا .

جا براو خوشکی سەنگین و بەڕێز: زۆر ئاگاداربە لە هاوڕێیەتی کەسانی غەیبەت چی، سوێند بە خوا دانیشتن لەگەڵ مردووەکاندا باشترە لەوەی لە گەڵ کەسی غەیبەت چیدا دابنیشیت و هەڵس و کەوت بکەیت، بۆیە هەرئەم جۆرە کارەبوو کە وای لە پیاو چاکان کردبوو (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) کە زیاتر لە گۆڕستان کاتەکانیان بە سەر بەرن، ئەم کارەشیان هەر لەبەر ئەوەندە بوو ئەگەر پرسیارت لێیان بکردایە ئەم کارو پیشەیە بۆچی؟ لە وەڵامدا دەیان ووت: لەبەر ئەوەی ئەگەر لەناویاندا بین ئازارمان نادەن، وە ئەگەر لایان ڕۆیشتین ئەوە (غەیبەتمان) ناکەن (واتە: مردووەکان).

---

[١] بروانە: صفة الصفوة (١٥٤/٣)

بەڵێ دانیشتن لە گەڵ کەسانێك کە بە لاشە مردوون بە دەست هێنانی چاکەیە و خۆ بەدور گرتنە لە تاوانی غەیبەت، بەڵام دانیشتن لە گەڵ کەسانێك کە دڵیان مردووەو گوێ نادەن بە تاوان توش بوونە بە تاوان و خراپەکاری.

بِشري کوڕی حارِث (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرموویەتی: بەسە بۆ ئێوە دانیشتن لە گەڵ کەسانی مردوو کە دڵەکان بە یادیان زیندوو دەبنەوە، بەڵام کەسانێکی زیندوو ـبەلاشەـ دانیشتن لە گەڵیانداو سەیرکردنیان چاوی پێ کوێر دەبێت.

کەسی غەیبەت چی ترسنۆکەو کەسایەتیەکی لاوازی هەیە!

موسڵمانە خۆشەویستەکان ئایا دەزانن کەسی غەیبەت چی کەسایەتیەکی لاوازو کەسێکی زۆر ترسنۆکە؟ لەبەر ئەوەی کە ناتوانێت ڕووبەڕووی خاوەن عەیب بڵێت تۆ کەسێکی ئاوایت و ئاوایت، بێگومان ئەمەش ترسنۆکی و لاوازی ئەو کەسە دەردەخات، چونکە دەی ئەگەر ئەو کەسە ڕاست دەکات فەرموو با لە بەر چاوی خۆی یان لای خۆی ئەو قسەیەی پێ بڵێت، بۆیە بەڕاستی ئیماندار ئاوێنەی ئیمانداره، با لەڕاست خۆی چی هەیە بیڵێت و ئامۆژگاریشی بکات، بەڵام بەداخەوە زۆریش بەداخەوە ئەمڕۆ ئەو ڕەوشتە لەناوماندا باری کردووەو دەستووری ڕەوشتی وا هاتۆتە نێومان کە هیچ یاساو ڕێسایەك تەقەبولی ناکات، بۆیە وابزانم هیچی تێدا نییە ئەگەر کەسێك بیەوێت لەبەرامبەر خاوەن کەم و کوڕیەکەدا چی هەبێت پێی بڵێت، ئەو کاتە گومانی تێدانییە کە ئەمیش کەسێکی

سوپاس کراو دەبێت و لەدوا ڕۆژیشدا کەسێکی پاداشت دراو دەبێت و دەشچێتە ڕیزی ئەو کەسانەی کە فەرمان بە چاکەو نەهی لەخراپە دەکەن، بویە زۆر پێویستە کە لەم خاڵەدا بە خۆماندا بچینەوەوە ببینە ڕێ ڕۆشن کەرەوەش بۆ کەسانی تر لەڕاستیدا ئەمەیە ڕەوشتی موسوڵمانی ڕاستەقینە، کەواتە زووکەو ناوی خۆت لەنێو ئەوانەدا تۆماربکە کە بڕیاریان داوە تەواو واز لە غەیبەت بهێنن و بە دوای عەیب و عاری خەڵکی دا نەگەڕێن.

هەر بۆیە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَمَنۡ أَحۡسَنُ قَوۡلٗا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ٣٣﴾ (فصلت:٣٣). واتە: کێ لەو کەسە چاکترەو قسەی باشترە کە بانگەوازی خەڵکی دەکات بۆلای خواو پاشان کردەوەی چاك ئەنجام دەدات و دەڵێت من لە موسوڵمانانم، ئەمیش بەوەی کە بانگی خەڵکی دەکات بۆ چاکەو فێریان دەکات نەك هەر لە پاشملە باسیان بکات و غەیبەتیان بکات.

لەسەرخۆبە کەسی غەیبەت چی ئایا دەزانی کە باوەڕت لاوازەو ئیمانت تەواو نییە؟ ئایا گوێبیستی ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەبوویتە کە دەفەرموێت: ((لا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ لأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ))(١). واتە: هەرکەسێك چی بۆ خۆی پێ خۆشە بۆ برا موسوڵمانەکەشی بەهەمان شێوە پێی خۆش نەبێت ئەوە باوەڕی تەواو نییەو لاوازە، لێرەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە بەڕاستی کەسی باوەڕدار پێویستە لەگەڵ بەرامبەرەکەی بەو شێوەیە بێت کە لە فەرموودەکەدا دەردەکەوێت، وەبشزانە گەورەترین بەخششی

---

(١) صحيح البخاري (١٣)، وصحيح مسلم(١٧٩)

خوایی بۆ مرۆڤــ (ئیمانە)، بەڵام هەرکات غەیبــەتت کـرد (کـە مانـای پـێ ناخۆش بوونتـە بەرامبەر ئەو کەسە) ئەوە بەر ئەو فەرموودەیەی سەرەوە دەکەویت(پەنا بەخوا).....

چی کاتێك باس کردنی پاشملە دروستەو ڕێگە پێدراوە ؟

موسڵمانە خۆشەویستەکان.... پاش ئەوەی ترسناکی غەیبەت و گـەورەیی سـزاکەی ڕوون بووە، بەپشتیوانی خوای گەورە بەپێویستی دەزانم کـە ئـەو حاڵەتانـەش بـاس بکـەین کـە دروستە (غەیبەت) کردن تیایدا، بەڵام دەبێت کەسی باوەڕدار زۆر ئاگاداربێت کە بـە هـۆی ئەم چەند حاڵەتەوە نەکەوێتە بـاس کـردن و کـاری حەرامـەوە، بـەڵکو بـە پێـی پێویسـتی خۆی و کاتێکیش باسی کەسێك دەکات دەبێت نییەتی باش و پاك بێت لەوشتانەداو لـەڕق و کینەوە نەبێت، بۆ شکاندنەوەی نەبێت، چونکە خوای میهرەبان ئاگاداری هەموو نهێنیـە کانی ناو دڵە، **بۆ یە لەم کاتانەدا غەیبەت کردن دروستە :**

یەکەم: ستەم کردن، لەم کاتەدا دروستە کە ستەم لێ کراو سکاڵای خۆی باس بکات بۆ کاربەدەستان و فەرمانڕەوایان، یاخود بۆ قازی و دادوەر و بڵێت: فلانەکەس ستەمی لێ کردووم یان ماڵی خواردووم، کە ئەم گێڕانەوەیە تەنها بۆ گەڕانەوەی مافەکەتە و نابێتە غەیبەت، بەڵگەی ئەمە ئەوەیە کاتێك (هندی کچی عوتبە) کە دەکاتە خێزانی (ئەبو سوفیان) (رضي الله عنه) هات بۆلای پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ووتـی: ((یا رَسولَ اللهِ إنَّ أبا سُفیان رَجُلٌ شَحیحٌ وَلَیسَ یُعطِیني ما یَکفِیني وَوَلَدي، إلاّ ما أخَذتُ مِنهُ وَهُوَ لا یَعلَم)) واتە: ئەی

پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەبو سوفیان پیاوێکە ماڵەکەی زۆر بە توندی گرتووەو شتێکی وام ناداتێ کە بەشی خۆم و منداڵەکانم بکات تەنها ئەوە نەبێت کە من لێی ئەبەم بەبێ ئەوەی خۆی ئاگاداربێت، وە منیش پێویستم بەوە هەیە کە لە ماڵەکەی بەرم و بیکەم بە مەسرەف و خەرجی خۆم و منداڵەکانم، ئایا بە بێ ئاگای ئەو لە ماڵەکەی سەرف بکەم تاوان بار نابم؟ پێغەمبەری خواش (ﷺ) فەرمووی: ((خُذِي مَا يَكْفِيكِ وَوَلَدَكِ بِالْمَعْرُوفِ))[1]. واتە: بەشی خۆت و منداڵەکانتی لێ ببەو مەسرەفیانی لێبکە بە چاکە.

دووەم: پرس و ڕاوەرگرتن، ئەمیش بەوەی کە کەسێك بچێتە لای کەسێکی شارەزا لەدیندار بڵێت ئەرێ فلانەکەس چۆنە کە من بە تەمام کچی بدەمێ؟ یان خوشکمی بدەمێ؟ یان فلانە ئافرەت چۆنە کە من بەتەمام بیخوازم؟ یاخود بۆ پرسیار کردن دەربارەی هاوسێیەتی؟ هەروەك چۆن (فاتیمەی کچی قەیس) هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی ووت: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) (أبوجهم و معاوية) داخوازیان کردووم، منیش نازانم شوو بە کامیان بکەم، پێغەمبەری (ﷺ) فەرمووی: ((أَمَّا أَبُو جَهْمٍ فَلاَ يَضَعُ عَصَاهُ عَنْ عَاتِقِهِ وَأَمَّا مُعَاوِيَةُ فَصُعْلُوكٌ لاَ مَالَ لَهُ))[2]. واتە: ئەبو جەهم گۆپاڵەکەی (واتە دارەکەی) لەسەر شانیەتی، واتە لە گەڵ ژندا خراپە هەمیشەداری بۆ ئامادە کردووە، بەڵام هەرچی موعاویەیە هەژارەو هیچی نییە.

---

[1] صحيح البخاري (٥٣٦٤) وصحيح مسلم (١٧١٤).
[2] صحيح مسلم (١٤٨٠).

سێیەم: داوای یارمەتی کردن بۆ گۆڕینی خراپە (تغيير المُنكَر) وەلادانی نارەحەتییەك لەسەر موسوڵمانێك، وەك ئەوەی كە یەكێك بچێتە لای كەسێكی دەسەلاتدارو پێی بڵێت: فلانەكەس لە گەڵمدا خراپەو ئازارم دەدات، بۆیە داوات لێدەكەم تا ڕێگە چارەیەكم بۆ بدۆزیتەوە.

چوارەم: ئاگادرکردنەوەی موسوڵمانان و ئامۆژگاری کردنیان بۆ خۆ پاراستن لەو كەسانەی كە خراپن و زەرەرو زیانیان هەیە بۆ موسوڵمانان. (زەیدی كوڕی ئەرقەم) (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: لە گەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) دەرچوین لە سەفەرێكدا لەوێدا تووشی نارەحەتیەكی زۆر بووین، ئەوەبوو (عبدالله كوڕی ئوبەییەی سەلول) بە هاوەڵانی خۆی ووت : هیچ كەس یارمەتی هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) نەدات تاكو هەموویان لێی جیا دەبنەوە، وەوتیشی گەر گەڕاینەوە بۆ مەدینە دەستەلاتدارو بەتواناكان زەلیلەكان دەردەكەین، جا (زەید)دەفەرموێت: منیش چووم بۆلای پێغەمبەرو (ﷺ) ووتم: (عبداللەی كوڕی ئوبەییەی سەلول) (گەورەی دووڕووەكان) ئاوای ووتووە، بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناردی بە شوێنیداو پرسیاری لێ كرد كە گوایە وات ووتوە، ئەویش كەوتە سوێند خواردن و پاساو هێنانەوەو بە درۆ خستنەوەی (زەید)، جا وا بڵاو بوٚوە ووتیان (زەید) درۆی لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) كرد، (زەید)یش (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: بەڕاستی زۆر لەسەر دڵم گران بوو كە وایان ووت: تا خوای گەورە ئەم سورەتەی دابەزاند: ﴿إِذَا جَاءكَ الْمُنَافِقُونَ﴾، وە خوای میهرەبان بە ڕاستی خستمەوە،

پاشان پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) با نگیانی کرد تا پەشیمان ببنەوەو ئەویش داوای لێخۆش بوونیان بۆ بکات، بەڵام ئەوان پشتیان هەڵکرد.

پێنجەم: باس کردنی کەسێک کە بە ئاشکرا تاوانی لێبووەشێتەوە،

وەك {جاسووسی کردن و زینا کردن و مەی خواردنەوە و.......هتد} لەم کاتەشدا تەنها باسی ئەو تاوانەی دەکەیت و بەس.

شەشەم: پێناساندنی کەسێک: ئەویش بە دیاری کردنی ئەو کەم و کورپیانەی کە لە ڕووی کەم ئەندامی و لە ش و لاریەوە یاخود ناوو شۆرەتیەوە، وەك کوێری و نەخۆشی و شەلی و قەڵەوی و کەڕی...هتد وەنابێت لەمەشدا مەبەستی پیشاندانی کەم و کوڕی و سوکی ناوبراو بێت، بەڵکو دەبێت تەنها پێناساندنی بێت.

حەوتەم: باس کردنی کەسی بیدعەچی و تاوانبار، لەم کاتەشدا تەنها باسی بیدعەکەی یاخود تاوانەکەی دەکەیت، وە باسی هیچی تر ناکەیت مەگەر یەکێك لەو خاڵانەی پێشووی تێدابێت، خاتوو (عائیشە)ی دایکی باوەڕداران (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموویت:(جارێکیان پیاوێك هات بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) ڕووخسەتی لێ خواست و ئەویش بە ڕێزەوە بە خێرهاتنی کردوو فەرمووی لێ کرد، پاشان کە پیاوەکە ڕۆیشت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (بئس أخو العشيرة) واتە: خراپترین برای هۆزەکەیە، هەروەها دایکمان خاتوو (عائیشة) (خوای لێ ڕازی بێت) بۆمان دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەرەوە

(ﷺ) کە فەرمووبەتی: ((مَا أَظُنُّ فُلاَنًا وَفُلاَنًا يَعْرِفَانِ مِنْ دِينِنَا شَيْئًا)) [(١)]. واتە: گومان نابەم و هەست ناکەم کە ئەم دوو کەسە هیچ دەربارەی شەرع و دینەکەمان بزانن.

هەروەها کەسی بیدعەچی کە زیادەیەك دەهێنێتە ناو دینەوە، خوا دەپەرستێ بەلاّم بە بۆچوون و هەواو ئارەزووی خۆی، بەبێ گوێ دانە فەرمانی خواو پێغەمبەری خوا (ﷺ)، بۆیە لەم کاتەدا باس کردنی پاشملە (غەیبەت)ی واجبە، چونکە ئەوە بۆ پاراستنی دینە لە هەواو ئارەزوو، (ولا غيبة لأحد من أهل البدع) وە هیچ کەسێك کە بیدعە دەکات باس کردنی بیدعەکەی غەیبەت نییە، کەواتە ئێستا روون بووە بۆ بەرێزت کە باس کردنی ئەو کۆمەلاّنە غەیبەت نییە، وە دەتوانی باسیان بکەیت و هەرکاتیش باسی ئەوانەشت کرد ئەوە دەبێت رەچاوی ئەم خالاّنەش بکەیت:

١. دلّسۆزی تەواوت هەبێت لەو باسکردنەدا و نیەتت تەنها ئەوە بێت خراپەکەی بگۆرێت، چونکە هەرکەسێك مەبەستی گۆرینی خراپەکەی نەبێت ئەوە بزانە دەبێتە غەیبەت.
٢. باسی کەسەکە دەکەیت دەبێت بۆ بەرژەوەندی ئەو بێت، ئەگەر نا ئەوە دەبێت بزانی ئەوەش لە هەواو ئارەزووی خۆتەوەیەو برایەتیت بپارێزە نەك ئەوەی هەربچووك ترین هەلّەت تیابینی بیکەیتە بیانوو، بلّێی وەاللە ئەوە واو وای کرد، نەخێر، موسولّمانی خۆشەویست تکات لێ دەکەم خۆت بپارێزە، چونکە شەیتان زۆر فێلّ بازەو نەشمردووە بەردەوامە لە سەر فرو فێلّەکانی.

[(١)] صحيح البخاري (٦٠٦٧)

٣. بزانە کە باس کردن و غەیبەت کردنی براکەت خراپەی تری بەدواوەیە، بۆیە ئاگاداربە نەبێتە مایەی شەڕو ئاژاوەو ڕق و کینەی نێوان موسوڵمانان.

زۆر کەس بەلایەوە سەیرە کە گوێبیستی ئەم قسەیە دەبێت، بۆچی (غەیبەت) نەکردن جیهادو تێکۆشانە؟ بەڵێ براو خوشکی ئازیز.... هیچ بەلاتەوە سەیر نەبێت، بگرە گەورەترین جیهادو تێکۆشانیشە، چونکە بزانە سەری هەموو فیتنەو بەڵاکان تەنها لە زمانەوە دەبێت، هەروەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموویت: ((الْمُجَاهِدُ مَنْ جَاهَدَ نَفْسَهُ فِي طَاعَةِ اللَّهِ)) [1]. واتە: موجاهیدو تێکۆشەر ئەو کەسەیە کە جیهادی نەفسی خۆی دەکات لە گوێڕایەڵی خوای گەورەدا، وە بەرەنگاری هەواو ئارەزووەکانی دەبێتەوە، وە خۆشی دەپارێزێت لە باس کردن و غەیبەت کردنی کەسانی بەرا مبەر.

هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموویت: ((أفضلُ الجِهادِ أن تُجاهِدَ نَفْسَكَ وَهَواكَ في ذاتِ اللهِ –عَزَّ وَجَلّ–)) [2]. واتە: باشترین و خێرترین جیهاد ئەوەیە کە تێبکۆشیت لە بەرامبەر هەواو ئارەزووەکانتدا وەتەنهاش لەبەر خاتری خوای پەروەردگار.

بۆیە تێکۆشان لەپێناوی خوادا بە گیان و ماڵ لەبەرامبەر دوژمناندا جاری واهەیە لە ماوەیەکی زۆردا نایەتەدی لە ژیانی موسوڵماندا، بەڵام جیهادی نەفس بەردەوامەو کۆتایی پێ نایەت، تا ڕوح لە لاشەدابێت، کەواتە پێویستە لەسەر هەموو موسوڵمانێك بەرەنگاری

---

[1] جزء من حديث أخرجه الإمام أحمد ، **بروانه:** السلسلة الصحيحة (٥٤٩).

[2] أخرجه أبو نعيم في الحلية والديلمي وغيرهما،**بروانه:** السلسلة الصحيحة (١٤٩٦).

هەواو ئارەزووەکانی بێتەوە ە ڕێگری بکات لە غەیبەت و حوکمی خواش لە دڵی خۆیدا بچەسپێنێت، تاکو خوای گەورەش لە سەر زەویدا بەرپای بکات.

بەڕێزەکەم لەوانەیە لە کاتێکدا کە ئەم نامە شەرعیە دەخوێنیتەوە بە بیرتدا بێت باشە بۆچی و چۆن دەبێت جیهاد بە نەفس گەورەترو خێرتر بێت لە جیهادکردن بە ماڵ و گیان (ڕوح)؟؟ بەڵام بزانە ئازیزەکەم ڕاستەو گومانی تێدا نییە کە موجاهیدان ڕێزو پلەو پایەیان لەسەرووی هەموو موسوڵمانانەوەیە کە ئەو بەڕێزانە خوێن و ماڵ و گیانیان لە پێناوی خوادا بەخت کردووەو تێکۆشاون بۆ بەرزکردنەوەی ووشەی خوا و بەرپاکردنی حوکمی خواو نەهێشتنی خراپەو تاوان، وە کارەکەشیان ڕەنگدانەوەی فەرموودەکانی خواو پێغەمبەری خوایە (ﷺ)، بەڵام تۆ خۆ ئێستا لە نێو جەنگ و جیهاددا نیت نا بەڵکو لە نێو ماڵی خۆتدایت یاخود لەناو دوکان و شوێنە گشتیەکاندایت وەك ((قوتابخانە یان نەخۆشخانە یاخود هەر پلەیەکت هەبێت ....هتد)) بۆیە پێویستە لەو شوێن و کاتەی کە تیایدایت خۆت بپارێزیت لە تاوان و غەیبەت وفیتنەو جاسووسی و دوو زمانی، ئالێرەدا دەردەکەوێت کە ئایا تۆ موجاهیدی ڕاستەقینەی یان نا بە رامبەر هەواو ئارەزووەکانت.

چەند ووتەیەکی زێڕین سەبارەت بە خراپی (غەییەت)

١. جارێکیان عەمری کوڕی عاص (خوای لێ ڕازی بێت) لەگەڵ هاوەڵانیدا بە تەنیشت ئەسپێکی مردارەوەبودا تێپەڕین و پێیانی فەرموو: ئەگەر پیاوێك لە گۆشتی ئەو ئەسپە

مرداره بووه بخوات و ناوسکی لێ پڕ بکات زۆر باشتره لەوەی که گۆشتی براکەی بخوات، واته (غەیبەت)ی بکات.

٢. (عبدالله ی کوڕی موبارەك) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرمووێت: ئەگەر بمویستایه غەیبەتی هەر کەسێك بکەم ئەوا غەیبەتی دایك و باوکی خۆم دەکرد، چونکه دایك و باوکم له هەموو کەس شایستەتر له پێشترن که چاکەیان لەگەڵدا بکەم.

٣. بەیەکێك له پیاوچاکان ووترا: فلاٌنەکەس غەیبەتی کردووی: ئەویش هەستاو سەبەتەیەك خورمای بۆ بردوو پێی ووت: بیستوومه که تۆ چاکەکانی خۆت به دیاری ناردووه بۆ من، منیش دەمەوێت پاداشتت بدەمەوه، سەبەته خورماکەی پێداو پێی ووت: زۆر داوای لێبوردنت لێ دەکەم کەناتوانم به تەواوی پاداشتەکەت بدەمه.

٤. غەیبەت میوەی فاسقەکانه.

٥. هەرکەسێك زمانی بپارێزێت و ئاگاداری بێت له هەموو شەڕو ئاشوبێك ڕزگاری بووه.

٦. جارێکیان پیاوێك باسی کەسێکی کرد لای هاوڕێکەی، هاوڕێکەشی پێی ووت: ئایا جیهادت بەرامبەر ڕۆمەکان کردووه؟ ووتی: نەخێر، ووتی: ئایا ئەی جیهادت بەرامبەر فارسەکان کردووه؟ ووتی: نه خێر، پاشان ووتی: (سَلِمَ مِنكَ الرُّوم، وَسَلِمَ مِنكَ التُّركَ، وَلَمَ يَسلَمْ مِنْكَ أخوكَ المُسلم) واته: بەڕاستی ڕۆمەکان له دەم و دەستت سەلامەتن (باسیان ناکەیت)، وه تورکەکانیش بەهەمان شێوه له دەم و دەستت سەلامەتن، بەلاٌم برای موسوڵمانت له دەم و دەستت سەلامەت نین (باسیان دەکەیت و غەیبەتیان بچوکترین هەڵەیان لێدەکەیت به ئەندازەی کێوێك، ئەوەندەی باسی موسڵمانان دەکەیت، باسی بێباوەڕو خراپەکارو نوێژنەکەرو خراپەکاران و دوژمنانی سەرسەختی دین ناکەیت!! که

ئەمەش بەڕاستی فریو خواردنە بە دەست شەیتان و دوژمنانی خواوەو بێئاگاییە لە پاراستنی مافی برایەتی نێوان موسڵمانان و تێکدانی ڕیزی پتەوی برایەتیانە!!!)، بەڵێ بەڕاستی وایە ڕۆژگار لای ئەمڕۆی موسوڵمان هەمووی پڕە لە نەهامەتی و نەگبەتی و ناخۆشی، چونکە ئەوەندەی بەیەکەوە خەریکن و لەنێو خۆیاندا خەریکن لە سەدا یەك باسی بێ باوەڕان و ستەم کاران ناکەن.

٧. موسڵمانی خۆشەویست ئەگەر هەر بێ دەسەڵاتی و توانای جێ بەجێ کردنی ئەو خاڵانەی پێشووت نییە، ئەوا هەوڵ بدە کە ئەم سێ خاڵە لە خۆتدا جێ بەجێ بکە:

❖ ئەگەر چاکەت پێ ناکرێ هەوڵ بدە خراپەش مەکە.

❖ ئەگەر ناتوانی سوودت هەبێت بۆ خەڵکی ئەوا زیانیشیان پێ مەگەیەنە.

❖ ئەگەر ناتوانی ڕۆژووی سوننەت بگریت و دەمت بگریتەوە لە خواردن و خواردنەوە ئەوا هەوڵ بدە لە گۆشتی خەڵکیش مەخۆ (باسیان مەکەو غەیبەتیان مەکە).

کە فارەتی غەیبەت (تەوبە کردن لە غەیبەت)

براو خوشکی زۆر بەڕێزم پێویستە ئەوەش بزانیت کە تەوبەو گەڕانەوە لە هەموو تاوانێك واجبەو غەیبەتیش یەکێکە لەو تاوانانە، کە پێویستە تەوبەی لێ بکەیت و بگەڕێیتەوە، بۆیە خێراکەو دەست پێشخەری خۆت بکە بۆ تەوبەو گەڕانەوە، چونکە بەڕاستی خوای گەورە لێخۆشبووە بۆ هەموو تاوانەکانت، تەنها خوای کارجوانیش دەتوانێت لێت خۆش

بێت، بۆیە ئەو کەسەی کە لە پاشملە تاوانی غەیبەتی ئەنجام داوە، ئەوە دوو تاوانی ئەنجام داوە:

یەکەم: تاوانی شکاندنی فەرمانی پەروەردگار ئەو فەرمانەی کە دەفەرمووێت:﴿وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًا﴾ وە بۆ ئەوەی لە سزای ئەو تاوانە دەربچیت و ڕزگارت بێت پێویستە واز لە غەیبەت بهێنیت و پەشیمان ببیتەوە لەو ئاکارانە بەتایبەتیش ئەوانەی کە لە پێشوودا ئەنجامت داوە، وەناشبێت جارێکی تر بگەڕێیتەوە سەری.

دووەم: تاوانی دەرخستن و باس کردن و بلاْوکردنەوەی عەیب و کەم و کەسی غەیبەت کراو، بۆ ڕزگاربوون لەم تاوانەش پێویستە گەردنی خۆت بە کەسی غەیبەت کراو ئازاد بکەیت و داوای لێ بوردنی لێ بکەیت، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر پێی ناخۆش نەبوو پێت ووت، بەلاْم ئەگەر زانیت پێی ناخۆشەو پێی بلێی ئاوها و ئاوهام پێت وتووە یان غەیبەتم کردووی، ئەو کاتە پێویستە داوای لێخۆشبوونی بۆ بکەیت لای پەروەردگار.

کەواتە بەڕێزانم ..... ئێستا بابەتەکە بەرەو کۆتایی دەڕوات و ئێوەو منیش گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە غەیبەت چەند ترسناکەو چۆن باس کراوە، دەی بائێمەش پەیمان بدەین بەخوای گەورەو میهرەبان و لە دانیشتن و کۆڕو کۆبوونەوەو نوسین و ووتارمان و ئاخاوتنی نێو خیزانماندا ئەم فەرموودانە بکەینە درووشم، وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿مَا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ ١٨﴾ (ق:١٨) واتە: هەر قسەیەك بکەن و لە زمانتان دەربچێت ئەوە بێ گومان مەلائیکەیەکی چاودێر بە سەرتانەوەیەو دەینووسێت، یان خۆشەویستمان (ﷺ) دەفەرمووێت: ((مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ

فَلْيَقُلْ خَيْرًا أَوْ لِيَصْمُتْ))[١]. واتە:هەر کەسێك باوەڕی بە خواو پاشەڕۆژ هەیە با قسەی باش بکات یا بێ دەنگ بێت.

لە کۆتایدا داواکارین لە خوای گەورە کە هەموو ماندووبوون و تێکۆشانێکمان تەنها لەبەر زاتی خۆی بێت و بەشی نەفس و هەواو ئارەزوو و هیچ کەسی تێدا نەبێت، بەردەوامیمان پێببەخشێت لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، آمین.

وأخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين وصلى الله وسلم على محمد وعلى اله وصحبه وسلم.

---

[١] رواه البخاري (٦٠١٨)، ومسلم(١٨٢).

ناوەرۆک

پێشەکی ٤

هەندێك لەو ئایەت و فەرموودانەی کە بەڵگەن لەسەر حەرامێتی (غەیبەت) ٦

غەیبەت چیە؟.. ٩

یەك دەنگی زانایان لە سەر حەرامێتی غەیبەت ١١

چۆن خەڵکی غیبەت کردنی لیٚ گۆڕاوە ١٣

هۆکارەکانی غەیبەت وچارەسەرکردنی غەیبەت ١٨

ترسناکی غەیبەت لەڕوانگەی فەرموودەکانی پێغەمبەرەوە (ρ) ٢٦

غەیبەتی زانایان و پیاو چاکان ٣٠

زەرەروو زیانەکانی غەیبەت کردن ٤٢

کەسی گوێگر بۆ غەیبەت یەکسان و بەشدارە لە تاوانەکەدا ٤٨

خەوێکی سەرسوڕهێنەرو ترسناك ٤٩

کەسی غەیبەت چی ترسنۆکەو کەسایەتیەکی لاوازی هەیە ٥٢

کەسی غەیبەت چی باوەڕی لاوازە ٥٤
چی کاتێك باس کردنی پاشملە دروستەو ڕێگە پێدراوە؟ ٥٥
زمان گرتن وغەیبەت نەکردن جیهادو تێکۆشانە ٦١
چەند ووتەیەکی زێڕین سەبارەت بەخراپی (غەیبەت) ٦٤
کەفارەتی غەیبەت (تەوبە کردن لە غەیبەت) ٦٧
نـــــــــــــاوەڕۆك ٦٩

لەبڵاوکراوەکانی
سایتی فەرموودە
هەمیشە ڕاستگۆیی
www.fermude.com
fermude33@yahoo.com